گـۆڤـاری زانـکـۆی ڕاپــەڕیــن

Journal of University of Raparin.

مجلة جامعة رابرين

E-ISSN: 2522 – 7130 P-ISSN: 2410 – 1036
This work is licensed under CC-BY-NC-ND 4.0
DOI:10.26750/Vol(11).No(3).Paper28

ڕێکەوتی وەرگرتن: ٢٠٢٣/٠٣/١٣

ڕێکەوتی پەسەندکردن: ٢٠٢٣/٠٥/١٥

ڕێکەوتی بڵاوکردنەوە: ٢٠٢٤/٠٦/٢٩

# سیمیۆلۆژیای گێڕانەوەیی دەلالەتی کەسییەتی لە ڕۆمانی (سەردەمی گریانی بەڵقیس)ی جەبار جەمال غەریبدا

هەڵمەت بایز ڕەسول[1] - طالب جلال ابراهیم[2]

talib.ibrahim@kue.soran.edu.iq halmat.rasool@soran.edu.iq

[1]بەشی کوردی، فاکەڵتیی ئاداب، زانکۆی سۆران، سۆران، هەرێمی کوردستان، عێراق.

[2]بەشی کوردی، فاکەڵتیی پەروەردە، زانکۆی سۆران، سۆران، هەرێمی کوردستان، عێراق.

## پوختە

سیمیۆلۆژیای گێڕانەوە لەگەڵ ڕەوت و ئاڕاستەکانی سیمیۆلۆژیدا پەرەی سەندوە. ڕوانگەی تیۆری فیلیپ هامون بۆ کەسییەتی گێڕانەوەیی یەکێکە لە بنەماکانی بەرفراوانبونی بنیادی گێڕانەوە و توخمەکانی گێڕانەوە، ڕۆڵ و کاریگەری لە ئاڕاستەکردنی توێژینەوەی ڕەخنەیی و گێڕانەوەناسیدا هەیە. ئەم توێژینەوەیە بەناونیشانی "سیمیۆلۆژیای گێڕانەوەیی دەلالی کەسییەتی لە ڕۆمانی (سەردەمی گریانی بەڵقیس)ی جەبار جەمال غەریبدا" هەوڵێکی پراکتیزەکردنی تیۆرییەکی نوێی سیمیۆلۆژییە لە ناو بنیادی کەسییەتی گێڕانەوەییدا، کە چۆن ئەو بنیاد و سیستەمە نیشانەی کەسییەتی لە دەقی گێڕانەوەیدا بەرجەستەکراوە؟ بەهەماهەنگی خوێنەرەوە دەلالەتی کەسییەتی لە ڕێی دال و مەدلولەوە بۆ ڕەهەندە واتاییەکەی ئاڕاستە کراوە.

**وشە کلیلەکان:** کەسییەتی، سیمیۆلۆژیا، گێڕانەوە، دال، مەدلول، وەسف

# پێشەکی

سیمیۆلۆژیا لە نێو کایە جیاوازەکانی دیکەی زانستە مرۆڤایەتییەکاندا بەتایبەتی زمان و ئەدەبدا تەکانێکی باشی بە ڕەخنەی ئەدەبی دا و کاریگەرییەکی باشی بۆ ئاست و ڕەوتەکانی زانستی گێڕانەوە هەبو. ئەو بنیاد و سیستەمە ئاڵۆزییەی نیشانە لە ناو ئەدەبدا هەیە، سیمیۆلۆژی بە تێگەیشتنە بەر فراوان و ڕەوتە نوێیەکانی سیمیۆلۆژییەوە دەتوانێت کاریگەرییە قوڵەکانی دەلالەت و توخمەکانی گێڕانەوە بەبڕشتتر بکات. سیمیۆلۆژیا لە بنیاتی دەقەوە بە هەمو توخمە پێکهێنەرەکانی دەقەوە، ئاقارێکی دیکە لە ئاستی قوڵی و ڕوکەشی دەق بەبزاوتتر دەکات.

ناونیشانی توێژینەوە "سیمیۆلۆژیای گێڕانەوەیی دەلالی کەسییەتی لە ڕۆمانی (سەردەمی گریانی بەڵقیس)ی جەبار جەمال غەریبدا" لە سنوری ڕۆمانێکی هاوچەرخدا بە مێتۆدی وەسفی شیکاری لە ژێر ڕۆشنایی تیۆری کەسییەتی گێڕانەوەیی فیلیپ هاموندا، بە ئاڕاستەی ئەو پرسیارانەدا دەڕوات: ئایا کەسییەتی گێڕانەوە لە ئاستی سیمیۆلۆژییەوە چۆن وەک بنیادێک لە ئاستی سیستەمی نیشانەییدا خۆی دەردەخات؟ لە ڕۆمانی (سەردەمی گریانی بەڵقیس) تا چەند دەکرێت دەلالەتی دال و مەدلول لە خەسڵەت و کار و وەسفەکاندا دەرکەون؟ پەیوەندی و ئاماژە سیمیۆلۆژییەکانی نێوان دال و مەدلول چییە؟ ئایا پرۆسەی ناولێنان کارێکی لەخۆوەییە یان پەیوەندی بە بنیاتی دەق و سیتسەمە ئاماژەییەکانەوە هەیە؟ وەڵامی ئەو پرسیارانەی وەک دیوێک خۆی لە ئامانجی توێژینەوەدا دەبینێتەوە، لە لایەکی دیکەشەوە ئامانجی توێژینەوەکە پیشاندانی ڕێڕەوی ڕەخنەی نوێی گێرانەوەناسییە لە ڕۆمانی نوێی کوردیدا، ئەمەش کەلێنێکی گرنگی بواری توێژینەوەکەیە.

بایەخی ئەم توێژینەوەیە لەنێو ئەو ئاڕاستە ڕەخنەیی و گێڕانەوەناسییەدا لە ناو ئەو بنەما و چەمکە بەرفراوانەی تێگەیشتنی فیلیپ هامون بۆ سیمیۆلۆژیای گێڕانەوە و کەسییەتی گێڕانەوە هەیەتی، بوارێک بە خوێنەر دەدات، بۆ ئەو سیستەمە نیشانەییە وەک ئاقاری تێگەیشتنی نوێی ڕەخنە ڕۆڵی خۆی بەهەماهەنگی بنەما و بنیادی چەمکە تیۆرییەکان ڕاڤە بکات.

ئەو توێژینەوەیە لە ڕاڤەی چەمکی سیمیۆلۆژیی گێڕانەوە و کەسییەتی گێڕانەوە بە تێگەیشتنە تیۆرییەکەی فیلیپ هامون بەتایبەتی بۆ چەمکی دەلالی وەک دال و مەدلول لەڕوی تیۆرییەوە ڕاڤەکراوە و دواتریش لە ئاستی چەند گۆشەیەکی دال و مەدلولدا خراوەتەڕو.

## چەمکی سیمیۆلۆژیای گێڕانەوە

سەرەڕای ئەوەش سیمیۆلۆژیا بوارێکی بەرفراوانە و چۆتە نێو هەمو بابەت و کایە جیاوازەکانی ژیان و هەوڵدەدات لە ڕوانگەیەکی سیمیۆلۆژییەوە شیکردنەوە بۆ تەواوی چەمک و بابەتەکان بکات. گێڕانەوە لە کایەی ئەدەبیدا ڕەهەندێکی ئاماژەیی و بنیادی هەیە، بۆیە ئاساییە گێڕانەوەش ڕەهەندێکی سیمیۆلۆژی هەبێت.

پەیوەندی سیمیۆلۆژیا بەگێڕانەوەوە بەشێوەیەکی گشتی لە میانەی بیرۆکە زمانەوانییەکانی سۆسێرەوە هاتەبون، کە لەسەر بنەمای دوانەی (دال و مەدلول) دامەزراوە(أونيس، 2019: 9). پاشان بو بە بنەمایەک بۆ بەشێکی زۆر لە توێژەران، تا بنەمای کاری گێڕانەوەی خۆیان بەشێوەیەکی گشتی و توخمی کەسییەتی بەشێوەیەکی تایبەتی لەسەر دابمەزرێنن و ئەم پرۆژەیە لە بیرۆکە و کارەکانیاندا پراکتیزە بکەن(بوغاغة، 2017: 89).

سیمیۆلۆژیا لە ڕوانگەیەکی نیشانەییەوە سەیری دەقی گێڕانەوەیی دەکات، کە "نیشانەکان ڕێگەمان پێدەدەن بیر بکەینەوە و لەگەڵ ئەوانی تردا پەیوەندی بکەین، مانا بدەین بەو شتانەی کە لە گەردوندا هەن"(عياشي، 2004: 34)، بۆیە نیشانەکان دەبن بە ئامرازێک کە لە ڕێگەیەوە مانا و دەلالەتی نوێ لە نێو دەقی گێڕانەوەییدا بدۆزرێنەوە، زانستی گێڕانەوەش ئامانجی شیکردنەوەی پێکهاتەکانی گێڕانەوە و میکانیزمەکانێتی، بەو واتایەی "زانستێکە تایبەتە بە توێژینەوەکردن لە دەقە گێڕانەوەییەکان و ئامانجی ئەوەیە کە کۆی ئەو ئۆرگانە فۆرمیانە دەربخرێت کە گوزارشت لە فۆرم و شێوازە جیاوازەکانی گوتاری گێڕانەوە دەکەن، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە میتۆدۆلۆژیایەکی (بونیادگەریی)یە و زیاتر پەیوەندی بە کێشەی مانا، یان (دەلالەت و نیشانە) سیمیۆلۆژییەکانەوە هەیە"(سامية: ؟، 3). ئاڕاستە جیاوازەکانی سیمیۆلۆژی ڕۆڵ و کاریگەرییەکی بەرچاویان هەبو لە ئاڕاستەکردنی سیمیۆلۆژیای گێڕانەوە و دەرکەوتنی توخمی کەسییەتی بە تایبەتی لە توێژینەوەی ڕابەرانی وەک (فلادیمێر پرۆپ، ئەلگێرداس ژۆلیان گریماس، ئیتیان سۆریۆ، فیلیپ هامون...هتد). هەر یەکێکیان بە بیرۆکە و تێڕوانینێکی جیاواز لەلایەک، هەروەها تەواوکردن و گەشەپێدانی بیرۆکە و تیۆرەکانی یەکتر لەلایەکی ترەوە، توانییان دەرگا لەبەردەم توێژەرەکان و بیری نوێ بۆ پۆلێن و ئاڕاستە جۆراوجۆرەکانی کەسییەتی واڵا بکەن و پەرە بە تەکنیکی گێڕانەوە و بونیادی کەسییەتی گێڕانەوەیی لەنێو ژانرە گێڕانەوەییەکان بدەن.

ئەگەر کەسییەتی گێڕانەوەیی وەک نیشانەیەکی زمانەوانی لەبەرچاو بگرین کە نیشانەش لە ڕوانگەی سیمیۆلۆژییەوە بە یەکەیەکی زمانی دادەنرێت، وەک ئەو نیشانە زمانییەی لە لای دیسۆسێر هەیە، وا

پێناسەکراوە کە لە دو ڕویی بەیەکەوە بەستراو (دال و مەدلول) پێکدێت و پەیوەندییەکی بەهێز لەنێوانیاندا هەیە، بەمەش ئەگەر کەسییەتی لە دال/ناو پێکبهێت، ئەوا مەدلول/ئەو پێشبینی و دەلالەتە جیاوازانەیە کە لە ناو دەقەکەدا هەڵیگرتون، بەسەرنجدان لەوەی لایەنی یەکەمی ئەو نیشانەیە گوزارشتە لە دال (ناو)، کە زۆر جاریش هەڵگری هیچ ئاماژە و دەلالەت (ایحاء الدلالي)ێکی دیاریکراو نییە، تەنها ئەوە نەبێت کە ئەرکی جیاکردنەوەی کەسییەتییەکەیە لە کەسییەتییەکانی تر، ئەمەش پرۆسەی دیاریکردنی تایبەتمەندییەکانی کەسییەتی دەکاتە پرسێک بە پلەی یەکەم بە ڕوی دوەمی نیشانەی مەدلول دەسپێرێت، کە واتای ناوەڕۆک دەگەیەنێت(محمد، 2012: 33). بە هەمان شێوە (فیلیپ هامون)یش کەسییەتی پەیوەست کردوە بەو ئەرکە ڕێزمانییەی کە لە ناو دەقەکەدا دەیگێرێت، کە هەردو ڕوی دال و مەدلولی هەیە، لەو بارەیەوە سودی لە دی سۆسێر وەرگرتوە(بحراوي،1990: 213).

ئەو ڕێککەوتنەی کە لەنێوان دال و مەدلولی زمانەوانیدا هەیە بۆ جۆرێکی تر لە دەقی ئەدەبی و گێڕانەوەییدا دەگۆڕێت. (واتا) لە دال و مەدلولی ئەدەبیدا هەمان ئەو شتە نییە کە لە زمانیەوانیدا هەیە، چونکە لە ئەدەبدا سیمیۆلۆژیا گرنگی بەو واتایانە دەدات کە لێی بارکراون، یان واتای دوەمی وشەکان، بەمەش مانای فەرهەنگی وشە لە نیشانەی زمانیدا ڕەنگە تاکە مەبەستێک یان پەیامێکی هەبێت، لە کاتێکدا ئامانجی نیشانەی ئەدەبی کە مانای پشت دەربڕینەکەیە زیاتر لە واتایەکی هەیە(مجموعة الدارسين، 2017: 51). هیچ ڕێککەوتنێک لەسەر دەلالەتی مەدلولەکان لە ئارادا نییە، بەڵکو مەدلولەکان دەلالەتی جیاواز دەبەخشن بەپێی فرەیی و جیاوازی خوێنەر، هامون لەبارەی دەلالەتی کەسییەتی دەڵێت "کەسییەتی یەکەیەکی دەلالییە لە دال و مەدلول پێکدێت، کە دەتوانرێت شی بکرێتەوە و وەسف بکرێت، کە پێشوەختە ئامادە و جێگیر نییە"(بحراوي، 1990: 213). ئەگەر کەسییەتی پێشوەختە ئامادە و چەسپاو بوایە دەچوە چوارچێوەی زمانییەوە، بەڵام مادام دەتوانرێت شیکردنەوە و لێکدانەوەی بۆ بکرێت، ئەوا دەچێتە چوارچێوەی دەلالییەوە، بەشێکی زۆر لە توێژەر و ڕەخنەگرەکانی مۆدێرن، وەک (پرۆپ و سۆریۆ و گریماس و هامون...هتد) کەسییەتی بە نیشانەیەکی بەتاڵ دەزانن کە لە ڕێگەی ناو و سیفەت و گوفتارەوە دروست دەبێت، بەجۆرێک کە مانادار ببێت(وردة، 2006: 311). ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت مانا و دەلالەتی مەدلولەکان بەپێی هەڵوێستی کەسییەتی گێڕانەوەیی و تێگەیشتنی خوێنەر دەگۆڕێت، کەواتە ئێمە مامەڵە لەگەڵ پرسێکی واتایی و دەلالیدا دەکەین، کە دەق بەرهەمی هێناوە، بەڵام لێکدانەوەی دەوەستێتە سەر توانای خوێنەر. ئامانجی سیمیۆلۆژیای ئەدەبی گەیشتن و پەیبردنە بە پەیوەندی نێوان نوسەر و دەق و خوێنەر، بە جۆرێک دەتوانین بڵێین سیمیۆلۆژیای ئەدەبی "بریتییە لە دۆزینەوەی پەیوەندی نێوان وێنە (دال) و بیرۆکە (مەدلول)ە، ئامانج لێی ئاشکراکردنی

پەیوەندی نێوان ئەو شتەی کە نوسەر پێشکەشی دەکات و ئەوەشی کە وەرگر / خوێنەر وەری دەگرێت، یاخود لێی تێگەیشتوە"(مجموعة الدارسين، 2017: 51).

سیمیۆلۆژیا بە گشتی و سیمیۆلۆژیای گێڕانەوە بە تایبەتی، ئەرکی سەرەکیان ئەوەیە ئەو واتایە بدۆزنەوە، کە کەرەستە زمانەوانییەکان بە دەستەوەی نادەن، بەڵکو ئەو زانستە لە ڕێگەی نیشانە و هێما و ئاماژەکانەوە بەدوای ئەو واتا شاراوانەدا دەگەڕێت"(سمايل، 2022: 20)، هەر لەم سۆنگەیەشەوە کەسییەتی وەکو توخمێکی ئەدەبی و گێڕانەوەیی "کۆمەڵێک نیشانە و بونیادە کە لەنێو دەقەکەدا بون و سەربەخۆیی خۆیان وەدەست دەهێنن، بۆیە پێویستی بەوە هەیە کە خودی خۆیی و پێکهاتەکانی ببینرێت و تایبەتمەندییە جیاوازەکانی خۆی پێببەخشێت کە لە پەیوەندی خۆی لەگەڵ کەسییەتییەکانی تر بەدەست دەهێنێت لە دەقی گێڕانەوەدا"(قدار و زويش، 2020: 11). کەسییەتی لە ڕێگەی ڕەهەند و ڕەفتار و گوفتار و دەرکەوتەکانی خۆی لەنێو کار و گوتاری گێڕانەوەدا دەردەکەوێت کە ئەنجامیان دەدات، ئەمەش کاتێک بەدی دێت کە خوێنەر لە میانی پرۆسەی خوێندنەوە و گەڕان بە دوای کەسییەتییەکان هەر لەسەرەتاوە تاکو کۆتایی ئینجا خەسڵەت و تایبەتمەندییە دەرەکی و ناوەکییەکان و بیر و ئایدۆلۆژییەکانیان بۆ دەردەکەوێت.

دەتوانین بڵێین سیمیۆلۆژیا ئەو زانستەیە کە کار لەسەر هەڵوەشانەوە و بیناکردنەوە دەکات، لە ڕێگەی ئاماژە و نیشانەکانەوە، لەگەڵ دیاریکردنی بونیادی قوڵ کە لە پشت بونیادە ڕوکەشەکە واتا و دەلالەتی جۆراوجۆر لەخۆدەگرێت، سیمیۆلۆژیا بەرهەمهێنانی دەق و بونیادی ناوەوە لەخۆدەگرێت، بەدوای هۆکارە جیاوازەکان و گوتارەکانەوەیە، کەواتە ئەوەی بە لای سیمیۆلۆژیاوە گرنگە ئەوەیە کە ئەم نیشانانە لەنێو دەقدا وێنای دەکەن و دەیگەیەنن، نەک سەرچاوەی گوتنەکە کێیە، بەمەش لێکدانەوەی (نیشانە و ئایکۆن و ئیندێکس و...تاد) واتە بونیادنانەوەیەکی نوێیە و جیاوازترە لە بەرهەمهێنەری دەق(حمداوي، 2020: 10).

### سیمیۆلۆژیای کەسییەتی

کەسییەتی کۆڵەگە و توخمێکی هەرە گرنگی نێو ڕۆمان و کایەی گێڕانەوەیە، ڕۆڵێکی بەرچاوی لە ئاراستەکردن و جولاندنی ڕوداو و ڕەگەزەکانی تری نێو دەقی گێڕانەوەییدا هەیە، لەگەڵ ئەوەشدا خۆشی دەکەوێتە ژێر کاریگەریی و کارتێکردنی ڕوداو و توخمەکانی تر، توخمی کەسییەتی لە مەیدانی ئەدەبیدا لەلایەن ڕەوتە جیاوازەکان و توێژەران و ڕەخنەگران و تیۆریناسانەوە بایەخێکی زۆری پێدراوە و لەم لایەنەوە چەندین چەمک و بۆچون و تێڕوانینی جیاوازی بەدوای خۆیدا هێناوە.

دید و تێڕوانینی ڕوانگە جیاوازەکان گۆڕانکارییەکی گەورەی دروستکرد سەبارەت بە بەرەوپێشچونی چەمکی کەسییەتی، بەجۆرێک "وەرچەرخانێکی هونەری و کەلتوری دروستکردوە، بەشێوەیەک پچڕانێکی لە

نەریتە ئەدەبییەکان و گێڕانەوەیی بەدوای خۆیدا هێنا، کە بۆ ماوەیەکی درێژ (ئەفسانە، داستان، حیکایەتی فۆلکلۆری) باڵادەست بون، هەروەها لە قارەمانێتی و ئایدیالیزمی ڕەهاوە بۆ ئاسۆی مرۆیی و واقیعی گواستەوە، تەنانەت هەندێکجار بۆ دیاردەی نامۆیی هەنگاوی ناوە"(النعيمي، 2010: 65). ئەم ڕوانین و مامەڵە جیاوازانە کاریگەری و کارتێکردنیان لەسەر چەمکی کەسییەتی هەبوە و لە ئەنجامدا فرەیی چەمکەکەی دروستکردوە.

قوتابخانە و ئاڕاستە جیاوازەکان لە سێ ئاستی جیاوازەوە لێکۆڵینەوە و مامەڵە لەگەڵ توخمی کەسییەتییدا دەکەن (النعيمي، 2010: 165):

1- هەندێکیان کەسییەتی وەک بونەوەرێکی مرۆڤی تەماشا دەکەن، کە لە شوێن و زەمەنێکی دیاریکراودا ژیان دەکات.

2- بەشێکی تریان کەسییەتی وەک پێکهاتەیەکی بەتاڵ دەبینن، کە بەهۆی مەدلولەکانیەوە بون و ناسنامەی خۆی لە بونیادی گێڕانەوەدا بەدەستدەهێنێت.

3- گروپی سێیەمیان، پێیان وایە کەسییەتی لە توخمە زمانییەکان پێکهاتوە، کە نیشانەیەکە لەو نیشانانەی کە لە دەقەکەدا ئاماژەی پێکراوە، واتە هێمای پێکهاتەیەکی مرۆڤی نییە کە کەسییەتییەکی دیاریکراوی خودی هەبێت.

دوای سۆسێر و دەرکەوتن و سەرهەڵدانی دەنگگەلێکی نوێ لە سییەکانی سەدەی بیستەمدا ئەو چەمکە میتۆدییانەی کە لەلایەن ڕەوتەکانی بونیادگەریی و فۆرمالیزمەکانەوە وەک (ڤلادیمێر پرۆپ و لیڤی شتراوس)، هەروەها ڕەوتی سیمیۆلۆژیا وەک (گریماس و کۆکی و ڕۆلان بارت و هامون)، داوای سنورداركردنی دەستەڵاتی کەسییەتییان دەکرد و بەمەش تیۆری گێڕانەوەی نوێ لەدایکبو، کە کەسییەتییان کردە بەشێکی دانەبڕاو لە پرۆسەی گێڕانەوەدا، هەروەها ڕۆڵیان هەبو لە گۆڕینی ئەم چەمکە و بەپێی پێوەرە نوێیەکان لێکۆڵینەوەی لەسەر کرا، واتە بەپێی ئەو مۆدێلە ئەرکیەی کە پێکهاتە و بونیادی دەقەکە بەڕێوە دەبات شیکاری بۆ کرا، بەهۆیەوە پەیوەست کرا بە زمانناسییەوە، وەک گۆڕینی چەمکی کەسییەتی بە (بکەر و فاکتەر و ئەکتەر)، هەروەها گۆڕینی ڕوداو و کردەوەکان بە (ئەرکەکان)، وەک ئەوەی لەلایەن پرۆپ و بریمۆن و گریماس و ...هتد، دەبینرێت(حمداوي، 2020: 115). لەم ڕوەوە چەمکی کەسییەتی لە چەمکی نەریتییەوە بۆ چەمکە زمانی و ڕێزمانییە نوێیەکان هەنگاوی نا، بەجۆرێک کە "کەسییەتی لە ڕۆمان و گێڕانەوەی نوێ و هاوچەرخدا ئاڕاستەیەکی زمانەوانی گرتۆتەبەر، ڕوانینی مۆدێرن بۆ کەسییەتی لەسەر یەکلایی بونەوەی نێوان ئەو و زمان و کێشە گێڕانەوەکانی ترە، تا ئەو ڕادەیەی تەنها وەک زیندەوەرێکی

سەر کاغەز لێی بڕوانرێت، پێش هەمو شتێک پرسێکی زمانییە و ناتوانێت بچێتە دەرەوەی زمان"(أمال و دبال، 2017: 8)، چونکە "پێیانوایە زمانەوانی ئەو سەرچاوەیەیە کە هەمو ئەم چەمکانەی لە دیاریکردنی نەخشی کاری کەسیەتیدا بەکاردەهێنرێن لە زمانەوە وەرگیراون و وەکو نیشانەیەک لە دەقدا ئاماژەی پێکراوە، یان وەک نیشانەیەکی بەتاڵ سەیر دەکرێت کە بە تێکەڵکردنی ناو و سیفات و خەسڵەتەکانییەوە بەرەبەرە لە دایک دەبێت و بە ئاکام دەگات"(علواني، 2016: 19)، هەر لەبەر ئەوەشە کە کەسییەتی دەستکەوتێکی ئامادە و پێشوەختە نییە لە ناو هەر دەقێکی گێڕانەوەییدا، چونکە لە ئەنجامی بەدوای یەکداهاتن و کەلەکەبونی بەردەوامدا دروست دەبێت، واتە بەبەردەوامی و لە هەمو ساتێکدا خەلق دەبێت و گەشە دەکات، ئەو کاتەش ئەدگار و ماهیەتی خۆی وەردەگرێت کە تەواو دەبێت، بەم پێیەش دیار دەبێت کە کەسییەتی هەر لە سەرەتاوە ئەدگارەکانی تەواو نابێت و وەرناگرێت، تاکو لەگەڵ ئەوانی تردا چالاکی و کارلێک نەکات(ئیبراهیم، 2020: 152).

سەبارەت بە کەسییەتی لە ڕوی سیمیۆلۆژییەوە کە هەمیشە وەکو نیشانەیەک لێی دەڕوانرێت، لەلای بونیادگەری کەسییەتی گێڕانەوەیی وەک چەمکێکی گشتگیر و وەک بەڵگەنامەیەکی زمانەوانی تەماشا دەکرێت، کە پێکهاتوە لە دال و مەدلول (وشە و مانا)، لە یەکەمیاندا (دال)، کە ڕۆماننوس ناوێکی بۆ هەڵبژاردوە و کردویەتی بە بونەوەرێکی زیندو کە ئامادەیی فیزیکی لەنێو دەقەکەدا هەیە، هەروەها کۆمەڵێک سیفەت و تایبەتمەندیشی پێبەخشیوە، کە تیشک دەخەنە سەر روخساری، لەوانە (قەبارە، درێژی یان پانی، تۆنی دەنگ، جلْ و بەرگ و ڕەنگی چاو یان قژی...هتد)، سەبارەت بە دوەمیان کە (مەدلول)ە، بریتییە لە کۆمەڵێک کردار و هەڵسوکەوت و ئەرک کە لەلایەن کەسییەتی گێرانەوەیی ئەنجام دەدرێت(بن دخان، 2019: 28)، بەم پێیە دەتوانین بڵێین کەسییەتی وەک یەکەیەکی زمانی و یەکەیەکی دەلالی بریتییە لە "دالێکی ئامادە و مەدلولێکی نائامادە، کە پەیوەندییەکی بەهێزیان بەیەکەوە هەیە، کەواتە کەسایەتی نیشانەو پێکهاتوە لەم دو ڕەگەزە، دال ناو یان کەسایەتی و مەدلولیش هەڵگری ئەو دەلالەتانەیە"(رەئوف، 2016: 358)، هەر لەبەر ئەم هۆیانەشە هەندێک لە توێژەران لە دیاریکردنی ناسنامەی کەسییەتی گێڕانەوەیی کە پەیوەستە بە گۆشەنیگای خوێنەرەوە، پەنا دەبەنەبەر میتۆدێکی تایبەت، کە لە سێ سەرچاوەدا خۆی دەنوێنێ: گێڕەرەوە چی دەڵێت؟ کەسییەتییەکان خۆیان چی دەڵێن؟ ئەوەی خوێنەر لە هەواڵەوە لە ڕێگەی هەڵسوکەوتی کەسییەتییەکانەوە تێبینی دەکات و دەریدەخات (لحميداني، 1991: 51).

## فیلیپ هامون و سیمیۆلۆژیای کەسییەتی

هامون یەکێکە لەو تیۆریستانەی بایەخێکی فراوانی بە چەمکی کەسییەتی داوە و بیرۆکە و لێکۆڵینەوەکانی سەبارەت بەم چەمکە بواری سیمیۆلۆژیای دەوڵەمەند کردوە. کەسییەتی پێکهاتەیەکە لەلایەن خوێنەرەوە

بونیاد دەنرێت، لە چەمکی کەسییەتی گێڕانەوەیی کە لە ڕوانگەی سیمیۆلۆژییەوە بەوردی و فرە لایەنییەوە کاری بۆکردوە.

هامون لە وتارێکی تایبەتی و گشتگیردا بە ناوی (لەپێناو یاسای سیمیۆلۆژیای کەسییەتی)دا، کە وەکو پێشنیارێک بۆ چەمکی کەسییەتی و نیشاندانی ڕێکارە تیۆری و کردارییەکانە، بۆ شیکردنەوەی لە ئاستی (دال و مەدلول)دا، لەلایەکی تر چاوپۆشی لەو ڕەخنانە نەکردوە کە پێشتر لە بواری کەسییەتیدا هاتون، واتە سودی لە بۆچونە جیاواز و هەمەچەشنەکان وەرگرتوە و تێکۆشاوە بۆ لەیەک نزیککردنەوەی ئەم بۆچونانە بە تایبەتی هەوڵەکانی پرۆپ و گریماس، کە تیایدا باسی لە نیشانەکان و جۆرەکانیانی کردوە و پاشان لە سێ ئاستی سەرەکیدا شیکردنەوە و لێکدانەوەی بۆ ئەنجامداوە، وەک (جۆرەکانی کەسییەتی، ئاستەکانی وەسفکردنی کەسییەتی، دال و مەدلولی کەسییەتی)، ئەم ئاستانەی لە ژێر ڕۆشنایی کەسییەتی گێڕانەوەییدا ئەنجامداوە، وەک یەکەیەکی دەلالی دەتوانرێت شی بکرێنەوە و وەسف بکرێن، ئەمەش لە ڕوی (دال و مەدلول)ەوە نەک یەکەیەکی پێشوەختە جێگیر و نەجولاو(حمداوي، 2020: 113)، واتە کەسییەتی لە سەرەتادا چەمکێکی ڕوتە و هیچ لێکدانەوەیەک هەڵناگرێت، بەو مانایەی سەرەتا خوێنەر هیچ شتێکی لە بارەیەوە نازانێت، بەڵکو لە میانی خوێندنەوەی بەرەبەرەیەوە بە لایەنە شاراوە و پەنهانەکانی کەسییەتی لە ڕوی سایکۆلۆژی و دەرونی و جەستەیی و ئایدۆلۆژیی ...هتد) پێی ئاشنا دەبێت، تاکو لە کۆتاییدا کەسییەتییەکی کامل و تەواو دەدا بە دەستەوە.

هامون وای دەبینێت کەسییەتی بە پلەی یەکەم نیشانەیە، واتە هەڵسەنگاندنی هەر ڕوانگەیەکە کە لە نیشانە زمانییەکان پێکهاتوە، بەمەش پێناسەی کەسییەتی لەگەڵ پێناسەی نیشانەدا کۆ دەبێتەوە، کە وەک مۆرفیمێکی سپی و بەتاڵ لێی دەڕوانرێت، ئەم مۆرفیمە بەتاڵە لە ئەنجامی وردە وردەی خوێندنەوەی خوێنەر یان ڕەخنەگرەوە پڕدەبێتەوە و لە کۆتاییدا بە ئاکام دەگات(هامون، 2013: 15). واتە لێرەدا هۆشیاری خوێنەر قوڵتر دەبێتەوە و ڕۆڵێکی گرنگ دەبینێت و لە هەر خوێندنەوەیەکدا واتا و ڕەهەند و پەیوەندی نوێی پێدەبەخشێت، سروشتی کەسیەتییەکە و شوێنی لە پرۆسەی گێڕانەوەدا دیاری دەکرێت، هامون لەلایەکەوە ئاماژە بە دەقی کەلتوری دەکات بە ڕەهەندە جۆربەجۆرەکانییەوە، لەلایەکیتر ئاماژە بە نۆرمە کەلتورییەکانی تایبەت بە وەرگر دەکات(هامون، 2013: 31)، واتە هامون لێکۆڵینەوەکانی سەبارەت بە کەسییەتی لەسەر بنەمای ڕەهەندە کەلتورییەکانی دەق و ڕەهەندە کەلتورییەکانی خوێنەری دەق بونیادناوە، نۆرم یاخود ڕەهەندی دەقی کەلتوری خاوەن مانا و دەلالەتی فراوانە، دەق بەپێی ئایدیا و ڕۆشنبیریەتی نوسەر دەکرێت چەندین ڕەهەند و دەلالەتی جیاواز لەخۆ بگرێت، بەهەمان شێوە ئاستی ڕۆشنبیری خوێنەریش ڕۆڵ دەبینێت لە تێگەیشتن و هەڵسەنگاندنی دەقدا، بێگومان ڕوانینی هەر خوێنەرێکیش جیایە لە خوێنەرێکی تر، تەنانەت

زۆر جار لەلای یەک خوێنەریش خوێندنەوەی جیاواز هەیە، هەر ئەمەشە دەبێتە هۆی لە دایکبونی دەلالەتی جیاواز لە دەقدا.

کەسییەتی لەنێو دەقدا پەیوەندییەکی بەهێز و تۆکمەی بە لایەنی زمانەوانییەوە هەیە و هامون وەک بەڵگەیەکی زمانی تەماشای دەکات، واتە پێکهاتەیەکە لە نیشانە زمانییەکان و هەمیشە فراوان دەبێت بۆ ئەوەی بتوانێت هەمو پێکهاتەکانی دەق لەخۆ بگرێت، کەسییەتی ئەرکی ناردن و پەیوەندیکردن ئەنجام دەدات(رحيمة، 2012: 24)، بەمەش توخمی کەسییەتی لە زمانەوانی نزیک دەبێتەوە و بە نیشانەیەکی زمانەوانی لە قەڵەم دەدرێت و لە دوانەی (دال و مەدلول)ی هاوشێوەی دی سۆسێر دروست دەبێت، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە چەمکی کەسییەتی چەمکێکی ئەدەبی نییە، بەڵکو ئەرکە ئەدەبیەکەی کاتێک دەست پێدەکات، کە ڕەخنەگر پەنا بۆ پێوەرە ئیستاتیکی و جوانیناسی و ڕۆشنبیرییەکان دەبات لە خستنەڕوی کەسییەتیدا (ڕەئوف، 2022: 226). مەدلولی کەسییەتی و بەهاکەی بەپێی بەکارهێنانی چەمکی سۆسێری تەنها بەهۆی نیشانە دوپاتبوەکان و ناونیشان و وەسفەکانی کەسییەتی سەرهەڵنادات، هەروەها نە بەهۆی کەڵەکەبون و نە بەهۆی گۆڕانکاریەکانەوە پێکنایەت، بەڵکو مەدلولەکەی لەو دژیەک و پەیوەندیانە دروست دەبێت کە کەسییەتییەکان لەناو وتراوەکانی گێڕانەوەکە دادەمەزرێت(لحميداني، 2000: 42).

هامون پێی وایە کەسییەتی تەنها پەیوەست نییە بە قسەیەکی ئاسایی و سروشتی مرۆڤ کە لە ژیانی ڕۆژانەدا پراکتیزەی دەکات، بەڵکو شتی تریش دەتوانن ڕۆڵی کەسییەتی بگێڕن، وەک ڕۆحی هیگڵ وەک چەمکێکی دەرونی دەکرێت بە کەسییەتی هەژمار بکرێت، یان چەمکەکانی سەرۆک و بەڕێوەبەری گشتی، یان پڕۆژە و دەستەڵات، بە هەمان شێوە مادە و شتە بێ گیانەکانی ناو ژوری چێشت لێنان کە ئەم مادانە دەتوانن شێوەی کەسییەتی بنوێنن و خۆیان لە دەقی چێشت لێناندا ئاشکرا بکەن(هامون، 2013: 31)، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە لێدوانی کەسییەتی تەنها لە یەک سنوردا قەتیس نەماوە، بەڵکو بۆ بوارەکانی تر گوازراوەتەوە، جگە لەوەش تەنها تایبەت نییە بە مرۆڤ و بونەوەرە زیندوەکان، بەم بۆنەیەوە کەسییەتی چەمکێکی سیمیۆلۆژییە و مۆرفیمە، بەڵام لەسەر ئەو مۆرفیمە زمانەوانییەی کە قسەکەر دەتوانێت بەخێرایی دەستنیشانی بکات، تایبەتمەند (السمة)ی دەلالی بۆ کەسییەتی جێگیر نییە، هەروەها پێشوەختە ئامادە نییە، بەڵکو کەسییەتی هەمیشە بە بەرهەمی بەشداریکردنی کاریگەری سیاق دادەنرێت و بەرهەمی چالاکییەکانی یادکردنەوە و بونیادنانە کە لەلایەن خوێنەرەوە ئەنجام دەدرێت(هامون، 2013: 39).

هامون کۆمەڵێک ڕونکردنەوە و تێبینی دەخاتەڕو، کە بەشدارن لە هەماهەنگی و کۆکردنەوەی کۆمەڵێک لە پارچە شیکارییەکانی پێشوی لەسەر بنەمای سیمیۆلۆژی پەیوەست بە کەسییەتی.(هامون، 2013: 31،32):

– کەسییەتی تەنها پەیوەست نییە بە بواری ئەدەبی، بەڵکو بەستراوەتەوە بەو ئەرکە ڕێزمانییەی هەیەتی، ئەرکە ئەدەبییەکەش بەستراوەتەوە بە لایەنە جوانیناسی و ڕۆشنبیرییەکانی خوێنەرەوە.

– هەمیشە نیشانە پۆلێکی کۆمەڵایەتی نییە، وەکو ئەوەی لە کارەکانی (هیگڵ)دا هەیە سەبارەت بە کەسییەتی، واتە جگە لە مرۆڤ دەکرێت لە شێوەی چەندین جۆر و کەرەستەی جیا لە مرۆڤدا خۆیان بنوێنن.

– پەیوەست نییە بە سیستەمێکی تەواو سیمیۆلۆژیاوە، بە تایبەتی سیستەمی (زمانەوانی).

– پرۆسەی کردەی بونیادنانی کەسییەتی لە نێوان دەق و خوێنەردا هاوبەشە.

## مەدلولی کەسییەتی:

کەسییەتی یەکەیەکی واتایی و دەلالییە، لە چوارچێوە و سنوری مەدلولێکی جیادا، ئەم مەدلولە شایانی لێکدانەوە وەسفکردنە(هامون، 2013: 38). بەو مانایەی کەسییەتی مەدلولێکی چەسپاو و جێگیر نییە، بەڵکو لە ڕێگەی ئەو وشە و ڕستانەی کە کەسییەتییەکە دەیڵێت، بەردەوام دەتوانرێت شیبکرێتەوە و وەسف بکرێت و لێکدانەوەی بۆ بکرێت، یاخود لەلایەن کەسییەتییەکانی ترەوە لەبارەیەوە دەگوترێن، ئەمەش لە ڕێگەی کۆمەڵێک وەسف و ئەرک و پەیوەندییە جۆراوجۆرەکانیەوە دروست دەبێت کە بە پێکهاتەی بنەڕەتی مەدلولی کەسییەتی دادەنرێت، سیفەتەکانی (کەسییەتی)ش بریتین لە (ڕەگەز، بنەچەی جوگرافی، ئایدۆلۆژیا، سەروەت و سامان) (هامون، 2013: 44-45). ئەم سیفەتانەش کەم تا زۆر لەسەر دەق (ڕۆمان)ی توێژینەوە لەسەرکراو هەن و لە هەندێک کەسییەتیدا بە فراوانی و لە هەندێکیشیان بە کەمی دەبینرێت. فیلیپ هامون پێوانەیەکی پێشکەشکردوە کە ئەویش پێوانەی (چەندایەتی و چۆنایەتی)یە، لەم ڕێگەیەوە توێژینەوە دەکات لە ڕێژەی دوبارەبونەوەی کەسیەتییەکان و ڕێژەی ئامادەبونیان و پەیوەندییەکانیان و گوتەکانیان کە بەپێی لێکچون و جیاوازییەکانیان دەستنیشان دەکرێت، واتە ئەم مەدلولە دەکرێت لە برگەیەکەوە بۆ برگەیەکی تر بگۆڕدرێت، کەسییەتی بەگوێرەی سیفەت و ئەرکەکانیان یەکێکە لە گرنگترین بابەتەکان بۆ دەستنیشانکردنی مەدلولی کەسیەتی و کار بۆ شیکردنەوە و پۆلێنکردنی دەکات(مجموعة الدارسين، 2017: 54).

## 1- سیفەتەکان:

سیفەت یاخود تایبەتمەندییەکان دابەشدەبن بۆ (تاک سیفەتی، سیفەتی دوبارەیی، ڕەگەز، ئینتیمای شوێنی، ئایدۆلۆژی، ساماندارێتی و پیشە):

**ا- تاک سیفەتی:** ئەو سیفەتانە دەگرێتەوە کەوا تەنها یەک جار هاتوە لە نێو ڕۆمانەکەدا، کە گوزارشت لە تایبەتمەندییەکانی کەسیەتییەکە دەکات و زیاتریش وەسفی جەستەیی دەگرێتەوە، وەک ئەم خشتەیەی خوارەوە:

| کەسیەتی | تاک سیفەتی |
|---|---|
| نیان | لەش ئاڵتونی/ گوڵەباغ/ دەنگ مۆسیقی/ قسەخۆش/ سینگ لەپێش/ پەشمەکی/ هەنگاو گەورە/ قژ نەرم/ غەمبار/ ڕوخسار نیفرتیتی/ کاکە گوێز/ خەماوی/ لۆکەی ناو قوزاخە/ کچە شوشەیی/ لێو ناسک و پەمەیی/ چاو گەورە/ ڕوناک/ ڕۆژ/ سەرگەردان/ زمان پەمەیی/ پەسندکراو/ پەپولەی سپی/ پێڵاو قاوەیی/ پێڵاو ڕەش/ جانتا سپی/ کراس زەرد/ کالە سپی/ قاچ پتەو و بە بریسک/ تەنورە خۆڵەمێشی/ سەرسینگ گەچڵاو/ چاکەت شین/ دەرپێ بێجی/ گۆرەوی سپی/ ژێر کراس سپی/ ستیان بێجی/ عەزیە شین. |
| سەروەر | وەک شەو/ بەڵاوسەرگەردان/ نارەحەت/ دەردەدار/ ددان گڕ/ غەریب و قەلەندەر/ ڕوخسار پڕ مەینەت/ پاک و سەر ڕاست/ قەرەج و سواڵکەر/ بێ کەس/ گەڕ/ زام و برین/ مۆتەکە/ قژ چەور و قەترانی/ هێمن و دڵسۆز/ ڕێحانە ڕەشە/ جگەرەکێش/ نەگریس/ بەوەفا/ مارمێلکە/ قات ڕەش/ پانتۆڵ ڕەش/ کراس سوربۆینباغ سور. |
| بەڵقیس | باڵا بەرزی بە ویقار/ حەزی لە ڕەنگ نییە/ حەزی لە عەشقە/ ئاوێکی پڕشنگدار/ سینگ گەورە/ دەست سپی و خرپن/ دیڵە گورگی بریندار/ توشبوی غودە/ هەمیشە دڵی لە دەستیایەتی/ شەرمەزار/ لەخۆ ڕازی/ کەرکەدەن/ جوان/ نائومێد/ سەرەژنەکەی شار/ میهرەبان/ بریندار/ جڵ دانتێلی/ کراس سەوزی گوڵگوڵی ئاوریشمی/ کەوا ئەتلەسی بریقەدار/ بچوکتر لە کەماڵ. |
| سەردار | عاقل کراوە/ خوێنتاڵ/ قسەشیرین/ پەرۆش و دڵسۆز/ کوڕە ئاڵتونی/ فریشتەی فریادڕەس/ ڕاستگۆ و جێی متمانە/ جگەرەکێش/ فریشتەی سپی و بێگەرد/ قسە گەورە/ باش/ پێستمار/ عاشقی وڵات/ عاشقی دادپەروەری/ بەوەفا/ لێو بەبار و خەم بە کوڵ/ کراس تلیسکاو/ کراس شین/ کوڕە ئاڵتونی/ مو باریک/ ددان زەرد/ باریک و ڕێک/ پانتۆڵ دەلینگ فراوان/ قژ باریک/ پانتۆڵ ڕەساسی. |
| کەماڵ | پەنجە ئەستور/ عاشقەکەی بەڵقیس/ لوت قەبە/ ڕیش زەرد و سمێڵ باریک/ کەلەڕەق/ پیاوی بە دەستەڵات/ کەلەگا/ پادشای بەزازەکان/ بەناوبانگ و پڕ شەهامەت/ پادشای وێرانکردن/ چاو گەورە/ سور و سپی. |
| مریەمە ڕەش | ژنەی سێبەر/ کۆستکەوتو/ ڕوخسار مات و زەرد و تۆزاوی/ هەناسە تەنها و پڕ حەسرەت/ غەریب و بەستەزمان/ بۆقی ڕەش/ دەعبا/ چاو بزمار/ قەرەج و سواڵکەر/ سەر خڕ و بچوک |
| مەحمود کەماڵ | گڕ و ئاگری/ قوماشفرۆش/ کەلەگا/ ملئەستور/ مۆن و ڕەش/ ئافات/ قسەڕەق/ زەردەواڵە/ ئاگری قودرەت/ جڵ و جامانەکەی. |

ئەگەر سەرنج بدەین هەمو ئەو سیفەتە بەرزانەی کە چ گێڕەرەوە یاخود کەسییەتییەکانیتر بە (نیان)یان بەخشیوە، ئەوە بەدەردەکەوێت کە نیان کەسێک بوە جوان و ڕێک ئەندام بوە، چونکە چاوی گێڕەرەوە و کەسییەتییەکانی تری نێو ڕۆمانەکەش هەر لەسەر ڕوخسار و شێوەی دەرەوەی ئەم کەسیەتییە بوە، لەلایەکی تر بەهۆی ئەمەوە وەک کەسییەتییەکی سەرەکی بەدەرکەوتوە. کەسییەتی (بەڵقیس)یش بەهەمان شێوەی نیان جگە لە جوانی و ڕێکی شێوەی دەرەکی، لەلایەکی تر هەندێک لە سیفەتەکان گوزارشت لە ناخ و ڕوی ناوەوەی دەکەن، بۆ نمونە **(نائومێد، هەمیشە دڵی لە دەستیایەتی، شەرمەزار)** ئەمانە دەلالەت لەوە دەکەن کە ژن لەنێو کەلتوری کۆمەڵگەی کوردیدا هەرچەندە جوان و دڵڕاست و خاوەن پێگەبێت، لە هەمان کاتدا وەکو توخمی ژن هەمیشە لەکاتی ئەنجامدانی هەڵەیەک ڕوبەڕویی سزا و نارەحەتی دەبێتەوە و خەم و ئازار دەبنە بەشێک لە ژیانی. بە هەمانشێوە سیفەتەکانی سەردار دەلالەت لە ژیری و ڕۆشنبیری و وەفا و هەندێک لە کەم و کورپیەکانی وەک هەر تاکێکی ئاسایی دەکات. پاشان سیفەتەکانی کەمال و مەحمود دەلالەت لە سیفەتی ئەم کەسییەتیانە دەکات کە هەڵیان گرتوە کە خۆی لەلایەنی نەرێنی و دواکەوتویی و ستەمکاری و خراپی هزر و بیرکردنەوەکانیاندا دەبینێتەوە. کەسییەتی مریەمە ڕەش کە هەڵگری سیفەتی نەرێنی و خراپە، بەڵام بە پێچەوانەی کەمال و مەحمود ئەو بەهۆی ستەم و نادادییەکانی کۆمەڵگاوە بۆتە خاوەنی ئەم سیفەتانە. هەریەکێک لەم کەسییەتیانەش سیفەتێک یان چەند سیفەتێکیان زیاتر لە جارێک جەختی لەسەر کراوەتەوە، وەکو ئەم خشتەیەی خوارەوە:

| کەسییەتی | ڕێژەی ئەو سیفەتانەی زیاتر لە جارێک دوبارەبونەتەوە. |
|---|---|
| نیان | چاوسەوز 13/ قژ زەرد 7/ ددان پان 4/ کچێکی زەرد 4/ پێلاوشین 4/ کراس سپی 3/ پێلاو سپی 3/ پەنجە درێژ و تەنک 3/ کوڵمە پان و خڕ 3/ ناودەم ئاڵ 3/ دەم بە زەردەخەنە و پێکەنین 2/ لێوئاڵ 2/ چاو شوشە 2/ لوت بچوک و باریک 2/ کەیف خۆش و سادە 2/ قژ ئاڵتونی 2/ قژ ئاوریشم 2/ مو زەرد 2/ چاو پر رەونەق 2/ دێلە سەگی 2/ سێوە ئاڵ 2/ تەنورە خۆڵەمێشی 2 |
| سەروەر | پێست ڕەش 17/ دەم و چاو کونج کونج و پندر پندر 13/ چاوڕەش و گەورە 11/ ژیان سێبەر و تاریک 6/ پێکەنین شیرین 5/ باریک 5/ ژەهر و تاعون 5/ کرمی ڕەش و پیس 5/ شادمان و بەختەوەر 4/ لیتاو 3/ ناشرین 3/ کابوس و تاریکی 3/ ئاڵۆز و تاریک 2/ شەرمین 3/ غەمگین 2/ ڕق و بوغزێنراو 2/ بێ ئومێد 2/ ڕیش نارێک 2/ چرچ و جرجانی 2/ نەفرەتی 2/ لێو ڕەش و هەڵبزورگاو 2/ برژانگ درێژ 2/ ڕەشتاڵە 2/ سینگ ڕەق و تەق 2/ پەنجەرەش و چەرمن 2/ دز 2/ کراس سپی 2. |
| بەڵقیس | شاژن 13/ ژن و ورچی هار و شەڕانی 3/ چاو زەرد 2/ توشبوی شەکرە 2/ کۆستکەوتو 2. |

| | |
|---|---|
| سەردار | لوت گەورە و بەرانانی 6/ سیاسی 6/ سمێڵ زەرد 5/ سیما ئاڵۆز و پڕ نهێنی 5/ غەدار 4/ دەم بە خەندە و پێکەنین 4/ پێست ئەستور 4/ ڕیش زەرد و ئاڵتونی 3/ حەز لە کەس ناکات 4/ لادێی 3/ لێو گۆشتن 3/ زۆڵ و حەرامزادە 2/ دڵ و خوێن گەرم 2/ چاو گەورە و بە بریق 2/ |
| کەماڵ | سەرشێت و تورە و هەڵەشە 4/ پیاوە بە سام و هەیبەتەکە 2/ ئاگری 2/ چاو سەوز2 |
| مریەمە ڕەش | ڕەش (وەک سیفەت نەک نازناو) 15/ باریک 5/ ئەسمەر و خوێن شیرین 5/ پیس و چەرمن 4/ جلڕەش و رەشپۆش 3/ سیپاڵ و کونکون 3/ بێ ڕۆح 3/ دەم و چاو بە خەم و فرمێسک 3/ کوڵمە کوتراو 2/ قەڵە ڕەش 2/ پێکەنین شیرین و جوان 2/ قەرەج و سواڵکەر 2. |

لەم سیفەتانەی سەرەوەدا جیاوازاییەکی گەورە بەدی دەکەین لە نێوان سیفەتی ڕەگەزی مێ و ڕەگەزی نێر، کە هەرچی سیفەت و خەسڵەتی جوان هەیە ڕۆماننوس بەخشیویەتی بە توخمی ژن وەک (نیان و بەڵقیس)، بەڵام بۆ توخمی پیاو پێچەوانەیە، لەلایەکی تر جیاوازی گەورە لەنێوان سیفەتی توێژی هەژار و توێژی دەوڵەمەند دا بەدیدەکەین، نوسەر هەوڵیداوە هەرچی خەسڵەتی جوان و بەرز هەیە بۆ توێژی دەوڵەمەند کە (نیان و بەڵقیس و کەمال و مەحمود) نوێنەرایەتی دەکەن، هەرچی سیفەتی ناشرین و نزم هەیە بۆ توێژی هەژار کە (سەروەر و مریەمە ڕەش و مەحمود بەڵەک)ن دیاری دەکات، ئەم جۆرە لە شێواز و دابەشکردنە لەلایەن گێڕەرەوە دەلالەت لەو دابەشکارییە چینایەتی و کەلتورییە دەکات کە لەنێو کورددا بۆتە شتێکی باو و چەسپاو.

لە ڕوی زۆری سیفەتەکانیشەوە (نیان) لە پلەی یەکەم دێت کە ڕۆماننوس زۆر جەختی لێکردۆتەوە بە بونی سیفەتی وەک (**چاوسەوز کە 13 جار دوپاتبۆتەوە، قژ زەرد 7 جار**) ئینجا سیفەتەکانی تر، کە ئەمەش دەلالەتی جوانی نیان دەگەیەنێت. لەلایەکی تر سیفەتەکانی بەڵقیس وەک (**شاژن 13جار، ژن و ورچی هار و شەڕانی 3 جار**) ئەمەش دەلالەت لە جوانی و بوێری و خانەدانی ئەم کەسییەتییە دەکات. دواتر (سەروەر و سەردار) ئینجا کەسییەتییەکانی تر دێن. بۆ نمونە ئەو سیفەتانەی خراونەتە پاڵ سەروەر وەک (**پێست ڕەش 17 جار و دەم و چاو کونج کونج و پندر پندر 13**) کە زۆرترین سیفەتی دوبارەبوەوەی خراوەتە پاڵی و ئەمەش وایکردوە وەکو کەسێکی نامۆ و ناشرین دەربکەوێت، ئینجا کەسیەتی سەردار کە سیفەتەکانی وەک (**لوت گەورە و بەرانانی 6 جار، سمێڵ زەرد 5 جار، سیما ئاڵۆز و پڕ نهێنی 5جار**) بونەتە زۆرترین سیفەتی دوبارەبوەوەی ئەم کەسییەتییە و ئەوەش دەلالەت لەوە دەکات سەرەڕای ڕێکی شێوەی دەرەکی، ئەم کەسییەتییە ئاڵۆز و پڕنهێنیش بوە و ئەمەش لەلایەک دەکرێت بوبێتە ڕێگایەک کە ڕۆماننوس لە پشتی ئەم کەسییەتییە بیروبۆچون و ئایدۆلۆژیاییەکانی خۆی ئاراستەی خوێنەر بکات، لەلایەکی تر وەکو

کەسییەتییەکی ئاسایی نێو کۆمەڵگە هەڵگری سیفەت و ئایدیای جیاوازبێت. پاشان کەسییەتی کەمال دێت کە سیفەتی (**سەرشێت و تورە و هەڵەشە 4جار**) بە پلەی یەکەم و ئینجا سیفەتەکانی تر لە پلەی دوەم دێن، ئەمەش دەلالەت لە کەسییەتییەکی توندڕە و نەرێنی نێو کۆمەڵگە دەکات. ئینجا کەسییەتی (مریەمە ڕەش) دێت کە سیفەتی (**ڕەش 15جار**) دوبارەبۆتەوە و بە پلەی یەکەم دێت ئینجا سیفەتەکانی تر دێن، ئەمەش دەلالەت لە ڕەشبینی و نائومێدی و خەم و ئازارەکانی ئەم کەسییەتییە دەکات کە بەهۆی ئازارەکانی کۆمەڵگەوە توشی هاتوە.

**ب- سیفەتی دوبارەبوەوە:** ئەو سیفەتانە دەگرێتەوە کەوا زیاتر لە یەک جار هاتوە لەنێو ڕۆمانەکەدا، کە گوزارشت لە تایبەتمەندییە دوپاتبوەکانی کەسیەتییەکە دەکات، واتە ئەم سیفەتانە لەسەر زاری گێڕەرەوە یاخود یەکێک یان زیاتر لە یەکێک لە کەسیەتییەکانی نێو ڕۆمانەکەدا دەربارەی کەسییەتی وەسفکراو خراوەتەرو، کە بریتین لە (ڕەگەز[1] و شوێن و ئایدۆلۆژی و سامان و پیشە) وەک ئەم خشتەیەی خوارەوە:

| کەسییەتی | شوێنی (جوگرافی) | ئایدۆلۆژی | سامان | پیشە |
|---|---|---|---|---|
| نیان | کەسییەتییەکی شارییە/ سلێمانی. | هۆگری شارەکەیەتی | لە خێزانێکی دەوڵەمەند و خانەدان | قوتابیی زانکۆ |
| سەروەر | کەسیەتییەکی شارییە / هەولێر | کەسیەتییەکی ڕۆشنبیر و خوێنەر بوە | لە ناو خێزانێکی هەژار دەژیا | قوتابیی زانکۆ |
| بەڵقیس | کەسیەتییەکی شارییە / سلێمانی | دیندار | لە خێزانێکی دەوڵەمەندی سلێمانییە | ژنیماڵەوەیە |
| سەردار | کەسییەتییەکی لادێییە | کەسییەتییەکی ڕۆشنبیر و هۆشیار/ شیوعی | باس لە سامانەکەی نەکراوە | قوتابی زانکۆ |
| کەماڵ | کەسییەتییەکی شارییە/ سلێمانی | کەسێکی کۆمەڵایەتی و بازرگانی و نەتەوەیی | بازرگان و دەوڵەمەند | بازرگانی قوماشی حەریر |
| مریەمە ڕەش | کەسییەتییەکی شارییە/ هەولێر | ئاماژەی دینداری هەیە. | هەژار و گەدا | ژنی ماڵەوەیە |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| محمود كماڵ | كەسییەتییەكی شارییە/ سلێمانی | كەلتوری و ژینگەپارێز | ساماندار و بازرگان | بازرگان و قوماشفرۆش |
| محمود بەڵەک | كەسیەتییەكی لادێیی و شارییە | شیوعی بوە | هەژار | كرێكاری گوند و شاكردی شار |

لە ڕێگای خستنەڕوی ئەم سیفەتانەوە ئاشنای هەمەجۆریی سیفەتی كەسییەتییەكان دەبین، بەجۆرێک جیاوازی و فرەچەشنی هەیە، بەو واتایەی ڕەگەزی نێر و مێ بەبەردەوامی هەیە، لەلایەكی تر تێبینی ئەوە دەكەین كە جیاوازی لە بنەچەی شوێنی جوگرافی شاری و لادێی هەیە، بۆ نمونە دەبینین بنەچەی شوێنی جوگرافیای شاری سلێمانی لە (نیان، بەڵقیس، كەمال، مەحمود)دا، بنەچەی شاری هەولێر لە (سەروەر، مریەمە ڕەش)دا بەرجەستە بوە و بنەچەی لادێی لە (سەردار و مەحمود بەڵەک)دا هەیە، كە ئەم فرەچەشنییەش لە ئەنجامدا فرەچەشنی ئایدۆلۆژیای دروستكردوە. هەر لە ڕێگای ئەم خشتەیەوە ئاشنای ئاستی دەوڵەمەندی و هەژاری و پیشەی كەسییەتییەكان دەبین كە لەیەک دەچن و دەگۆڕێن، لەلایەكی تر ئەوەمان بۆ ڕون دەبێتەوە، كە تا چەند ئەو سیفەتانە كاریگەری ئەرێنی و نەرێنی لەسەر كەسییەتییەكان دروستكردوە.

**2- گوتە و دەربڕین:** ئەمەش لە وتە دەربڕینی كەسیەتییەكان خۆی دەبینێتەوە، واتە شێواز و چۆنیەتی دەربڕینیان گوزارشت لە خودی كەسیەتییەكە و سروشت و هزر و بیركردنەوەیان دەكات كە لە ڕێگەی زمان و ئاخاوتنەوە ناسنامەی كەسیەتییەكانمان بۆ ئاشكرا دەبێت، لەم ڕۆمانەشدا گوتە و دەربڕینی كەسییەتییەكان دابەش بوە بەسەر ئەو ڕوداوانەی كە لەنێو رۆمانەكەدا ڕودەدەن، لە میانی ئەو ڕوداوانە و شێوە و جۆر و ئاستی گوتە و دەربڕینەكانیاندا و هەروەها چۆنیەتی هەڵسوكەوت و مامەڵەكردنیان لەگەڵ شتەكاندا ئاشنای بیركردنەوەیان دەبین، لێرەدا هەوڵدەدەین بەشێک لە دەربڕینەكانی خۆیان یاخود دەربڕینی كەسییەتییەكانی تر لەبارەیانەوە بخەینەڕو:

زۆربەی دەربڕینەكانی نیان بە دەوری بابەتی خۆشەویستی و ڕەخنەگرتن لە خێزان و توێژی كوڕان و لە هەندێک لە بیركردنەوە و نەریتەكانی كۆمەڵگەدا دەسوڕێنەوە، لە گوتەیەكدا ڕەخنە لە كۆمەڵگە دەگرێت بەهۆی تێڕوانینیان بۆ مەسەلەی (جوانی و ناشرینی)ی و دروستكردنی سنورێكی گەورە لەنێوان ئەم دو چەمكەدا، كە سەرئەنجامیش هەردوكیان دەبنە هۆی مەینەتی و ئازار بۆ خاوەنەكەیان، **"هۆكارەكانی بوغز و بریندارکردنی یەكتر بیانون، دەنا جوانی و ناشیرینی وەک یەک ئازاریان هەیە، من ئەوەندەی دەردم بەدەست ستاییش و پیاهەڵدانی خەڵک و ناسیاوەوە دیتوە، ئەوانەی بۆ مەبەستی خۆیان ستاییشی جوانییان كردوم،**

**سەد هێندەی ئەوانە ئازاریان داوم، کە لە دڵەوە ڕقیان لێم بوە**"(غەریب، 2018: 133). واتە ئەو ستایش و پیاهەڵدانەی کە بەهۆی جوانییەوە بەکەسێک هەڵدەگوترێت هەمویان بیانون بۆ خۆ لێکنزیککردنەوە، بەمەبەستی تێرکردنی خواست و ویستەکانی خۆی، کەواتە ئەو ئازارەی کە نیان دەیچێژێت سەرچاوەکەی جوانی و ناسکییە بەمەش لێرەدا جوانی سەرچاوەی بێ ئومێدیە بە پێچەوانەی ناشرینی.

سەروەر وەک کەسییەتییەکی تری نێو ڕۆمانەکە زۆربەی دەربڕینەکانی بە دەوری لایەنی نائومێدی و ڕەشبینیدا دەسوڕێنەوە، ئەمەش لە زمان و شێوازی وتوێژەکانیدا دەردەکەوێت، دەتوانین بڵێین ڕەنگە یەکێک لە هۆکارەکان نەبونی باوکێک بێت کە وەک پاڵپشتێکی بەهێز بۆ منداڵەکانی، کە سەروەریش لەم پاڵپشتییە بێ بەش بو، هۆکارێکی تر دەگەڕێتەوە بۆ شێواوی و ناشرینی، کە یەکێکە لەو هۆکارانەی لەنێو کەلتوری کوردیدا بە چاوێکی کەم تەماشا دەکرێت بەبێ لەبەرچاوگرتنی ناخ و دەرونی کەسەکە، لە دەربڕینێک بۆ نیان دەڵێت، "**مینەکانی ناخی من زۆرن، تۆ زۆر لەوە پاکتری پێ لە لیتاوی ژیانی من بنێی، تاریکی من لەوە خەستترە ئومێدی ڕوناکبونەوەی هەبێ. ئەوڕۆ نییە، مینەکان لە ناخی مندا چنراون، لەوەتەی هەم هەمو ڕۆژێ مینێک لە ناخی مندا دەتەقێتەوە**"(غەریب، 2018: 236). دەستەواژەکانی **(مین، لیتاو، تاریکی)** ئەم دەربڕینە گوزارشت لە ناخ و دەرونێکی تێکشکێنراو و بێ ئومێدییەکی گەورە دەکات. هەروەک لە دەقێکی دیکەشدا هاتوە: " **ڕۆژانی تاڵی بێخۆرم زۆر بەسەر بردوە، پەشیمانم لە هەمو ئەو ڕۆژانەی ئازاد بوم، بەختەوەرم کە کۆیلەم، بەختەوەرم کە کۆیلەیەکی ملکەچ و دەستەمۆم**"(غەریب، 2018: 260).

کاتێک بەڵقیس دەزانێت کچەکەی دیارنەماوە و ڕەدو کەوتوە لەگەڵ کوڕێکی هەولێری، دەیەوێت بە تەنها و بەبێ ئاگاداری مێرد و کوڕەکانی بچێت بیدۆزێتەوە و کێشەکە چارەسەر بکات "**نا وەک کەمال ناکەم، وەک کوڕەکانیشی ناکەم، هەمویان سەرشێت و تورە و هەڵەشەن، بۆ ئەوە نابن لە کارێکی ئاوادا لەگەڵت بن**"(غەریب، 2018: 13) لێرەدا جیاوازی نێوان ڕەگەزی مێ لەگەڵ ڕەگەزی نێر بەدەردەکەوێت، هەر واژە و دەربڕینێک واتایەکی فراوانی لە دوای خۆی حەشارداوە، پیاوی کورد هەمیشە تورە و توندە و بە ئاسانی پەسندی شوکردنی کچەکەی ناکات چ جای ڕەدوکەوتنی، بەڵام ئەمە لەلای ژن تا ڕادەیەک جیاوازترە، بۆیە بەڵقیس دەیەوێت بە تەنها و بە نهێنی کێشەکە چارەسەر بکات پێش ئەوەی ئەوان بە بابەتەکە بزانن. لەدەستدانی کچەکەی بە تەواوەتی دایکی وێران و بێ ئومێد کردوە. لە دەربڕینێکی تردا زمانی ڕەخنە ئاڕاستەی توخمی پیاو دەکات، بەجۆرێک بەراوردی پیاو و ژن دەکات بە شوشەی تەنک و شوشەی ئەستور "**شوشەی تەنک بە روناکی ناشکێ، کاری شوشەی تەنک پاراستنی ڕوناکییەکەیە، شوشەی ئەستور وەک پێستی پیاو ئەستور، بە ڕوناکی شەق دەبا، فانۆس سەروکاری لەگەڵ شوشەی تەنک هەیە، دڵی ژن لەگەڵ کچ. بەڵام قسەکردن لەگەڵ پیاو شەقهەڵدانە لە زیخ**"(غەریب، 2018: 79) بەڵقیس ڕەگەزی مێ بە شوشەی

تەنک دەچوێنێت، پیاو بە پێچەوانەوەیە و بۆ ئەمەش شوشەی (ئەستور و شەقهەڵدان لە زیخ)ی بۆ بەکارهێناوە، کە ئەم دو واژەیە دەلالەتی جیاوازی تایبەتمەندیی ڕەگەزین.

سەردار کەسییەتییەکی هۆشیار و ڕۆشنبیری نێو ڕۆمانەکەیە، ڕۆماننوس ئەم کەسییەتییەی وەک هێزی یارمەتیدەر خولقاندوە کە یارمەتی کەسانی تر دەدات، بەهۆی قۆزیی و قسە شیرینییەکانیەوە زۆربەی کچەکان دەیانەوێت پەیوەندی لەگەڵ دروست بکەن، بەڵام ئەو ڕەتی کردونەتەوە و پێیوایە ئەو خەڵکی جیهانی ئەم شتانە نییە، بەڵکو ئەرکی یارمەتیدان و بەتەنگەوەچونی هاوڕێیەکانیەتی، لە گوتەیەکدا لە وەڵامی نیان و کچەکانی تردا دەڵێت، "**ڕاست دەکەن، ئێوە ڕاست دەکەن، باوەڕم پێمەکەن، بۆ قوربانیدان، بۆ مردن ئا، باوەڕم پێ بکەن، بەڵام بۆ عەشق و ئەڤین و ئەو شتە قورسانە نابم، بەکەلک نایەم**"(غەریب، 2018: 99). ئەمەش دەلالەت لەوە دەکات کە دەبێ پەیوەندی هاوڕێیەتی نێوان کوڕ و کچ ڕاستگۆیانەبێت و نابێت هیچ مەبەست و هەڵخەلەتاندنێک لە پشتی پەیوەندی هاوڕێیەتییەوە هەبێت، هۆکاری ئەوەش کە نابێت کچەکانی خۆشبوێت و هیچ پەیوەندییەکیان لەگەڵدا دروست بکات لەم نامەیەی کە بۆ نیانی دەنێرێت دەردەکەوێت، "**یەکەم هۆ کە نابێ لێت نزیک ببمەوە باوکمە، من دەستی تۆم گرت خیانەتم لەو کرد، ئەو گوتی دەستی کچێکت گرت نابێ هەرگیز جێی هێڵی**"(غەریب، 2018: 120) وامەزەندە دەکرێت ڕۆماننوس خۆی لە پشتی ئەم کەسیەتییەدا حەشار دابێت و لەو ڕێگەیەوە دەیەوێت پەیامی خۆشەویستی خاک و دادپەروەری بەگوێی وەرگردا بدات، "**کوڕەکەم سەردارەکەم، تۆ نابێ بفڕی، تۆ نابێ بدەیە شەقەی باڵ تا بەڵێنێکم نەدەیتێ، بەڵێنی ئەوەی نابێ عاشقی کچان بی، دڵی تۆ جێگای یەک عەشقی تێدا دەبێتەوە ئەویش عەشقی وڵاتەکەتە، عەشقی دادپەروەری بی**"(غەریب، 2018: 121) کورد لە دێرینەوە هەمیشە خەون بە ئازادی و ڕزگاربون دەبینێت لەژێر دەستی داگیرکەران، بۆیە دەبینین بەشێکی زۆر لە ئەرک و گوتە و ژیانی ئەم کەسیەتییە بۆ ئەم مەسەلەیە تەرخانکراوە.

کەمال و کوڕەکانی نوێنەری کەسییەتییەکی نەرێنی و توڕە و هەڕەشەئامێزی نێو کەلتوری کوردی دەکەن، لە کۆمەڵگەی کوردیدا هەمو کێشەکان لە ڕێگەی زەبری هێز و خۆزاڵکردن یەکلایی دەکرێنەوە، بەمەش دەتوانین بڵێین زمانی گفتوگۆ و لەیەکتر گەیشتن تا ڕادەیەکی زۆر بونی نییە، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ تایبەتمەندی تاکەکانی ئەو کۆمەڵگەیە، کەسییەتی کەمال و کوڕەکانیشی هەڵگری هەمان ئەو خەسڵەت و تایبەتمەندیانەن، بەڵقیس لەبارەیانەوە دەڵێت "**کەمال و کوڕەکانی تەنها ببونە هەڕەشە و جنێو، جنێویان بە کچ و توخمی کچ دەدا، وەک بۆخۆیان فریشتەبن و دڵیان نەبێ، جنێویان بە گەنج و عەشق و برادەرایەتی و وەفا و جوانییش دەدا**"(غەریب، 2018: 13) لێرەدا بەڕونی هەست بەو خەسڵەتانە دەکرێت کە ئەم

کەسیەتییانە گوزارشتی لێدەکەن، ئەو کەلتورەی کە تیایدا دەژین تاکەکانی هەمان بیرکردنەوە و هەمان شێوازی ڕوبەڕوبونەوەی کێشەکانیان هەیە.

مریەمە ڕەش نوێنەرایەتی ژنێکی قوربانی ژێر دەستەی پیاو و سیاسەت و نەریتی کۆمەڵگە دەکات، نەخۆشی کوڕەکەی بەهۆی دەست درێژی سێکسی کوڕەکانی ناو هۆڵی سینەما و نەمانی پیاوەکەی بەهۆی کاری سیاسی و هەمو ئەو ڕوداو و بارودۆخانەی کە توشی هاتون، کاریگەرییەکی گەورەیان لەسەر دروستکردوە، کە بۆتە هۆی گۆڕانی ڕەنگی پێستی، **"ئەوەش ئەو ڕۆژانە بون کە مریەمە ئەسمەر و خوێنشیرینەکە گۆڕابو بە ئەسمەرە ڕەش، ڕەشێک وەک میوانێکی تازە دەنیشتە سەر ڕوخساری. لە پشت هەمو ژنێکی پێست سوتاو، کچێکی ئەسمەری هەنگوینی هەیە"**(غەریب، 2018: 162) ئەمەش دلالەت لەوە دەکات کە هەمو کێشە و ڕوداوەکان هەمیشە شوێن پەنجەی خۆیان لەسەر ژن جێدەهێڵن، ژن گوێ بە جوانی و ناسکی خۆی نادات، بەڵکو ئەو بۆ کەس و کار و مێرد و منداڵەکانی دەژیت. مریەم ئەو ژنە بو لەبڕی خۆشەویستی و سۆز تەنها هەڕەشە و ترسی لێ میوان بو، بەجۆرێک هەستی بە کەمی خۆی دەکرد، کە هەرچی سیفەتی نەرێنییە بۆخۆی داناوە و هەرچی سیفەتی ئەرێنیشە بۆ کەمال و کوڕەکانی داناوە، **"من ترساو و لەرزۆک ئەوان دڵنیا و کەللەڕەق، من مردو ئەوان زیندو"**(غەریب، 2018: 195) دەربڕینی دەستەواژەکانی (ترساو، لەرزۆک، مردو) نیشانەی لاوازی و بێدەسەڵاتی مریەم دەگەیەنێت، هەرچی دەستەواژەکانی (دڵنیا، کەللەڕەق، زیندو) نیشانەی بەهێزی و سەردەستەیی کەمال و کوڕەکانی دەگەیەنێت، بەمەش مریەم چ وەکو توخمی ژن و کەسیەتییەکی مافخوراو و بێبەشکراوە لە هەمو مافە مادی و مەعنەوییەکان دەبینرێت.

**3- کردارەکان:** دابەشدەبن بۆ تاک کردەوە و کاری دوبارەبوەوە، تاک کاری بریتییە لەوەی یەکجار کارەکەی ئەنجام دابێت، کاری دوبارەبوەوە بریتییە لەوەی کارێک زیاتر لە جارێک دوبارەبۆتەوە، وەک ئەم خشتەیەی خوارەوە.

| کەسیەتی | جۆری تاک کار | ڕێژەی کاری دوبارە |
|---|---|---|
| نیان | بردبو/ چوە باوەشی سەردار/ دڵی شکا/ بەرگەی نەگرت/ پەشۆکا/ درۆی کرد/ بڕیارمداوە/ سەرسامبو...هتد | گوتی90/پرسی24/تاسا6/گریا5/ شەرمی دەکرد3/پێکەنی2/ڕاچلەکا2/فرمێس کی دەباراند2 |
| | سوپاسی کرد/ تەزی/ نوسیبوی/ خۆی خلۆل کردەوە/ بە ئاگاهاتەوە/ خۆی بخنکێنێ/ تەسلیمبون/ دەرپێ دزین/ پرتەفال دزین/ خوێنی وەستا/ سەرسامبو/ | گوتی96/پرسی12/گریا4/ تاسا3/ڕاچەنی2/ ترسا2/ پەشۆکا2 |

| | | |
|---|---|---|
| سەروەر | بڕیارمداوە/ دورکەوتەوە/ نیگەران بو/ گومانی برد/ دەبێ مارەت بکەم/ چاوەکانی تەڕبون ...هتد | |
| بەڵقیس | دەیخنکێنم/ قژی مریەمی گرت/ بەرگەی نەگرت/ چاوی زەق کردەوە/ سەرسامبو/ شلەژا/ بانگی دەکات/ حەپەسا/ تەماشای کرد/ نەیتوانی فرمێسکەکانی بگرێتەوە/ هەمیشە خراپ دەبینێ/ سینگی سەرداری گرت/ شەو و ڕۆژ بانگی نیانی دەکرد...هتد | گوتی43/ فرمێسکی باراندن10/ ناڵە و لرفەی هاتبو4/ پرسی3/ گلەیی و لۆمەی خۆی کرد3/ دڵی بۆ کچەکەی شکابو2/ بورایەوە٢ |
| سەردار | شەرمەزار بو/ تاسا/ گێژ بو/ ترسا/ حەپەسا/ دڵخۆش بو/ ڕاچڵەکی...هتد | گوتی 71/ پرسی 2 |
| کەماڵ | ترسا/ بەرانبەر فرمێسکەکانی بەڵقیس تەسلیم نەبو/ ژنەکەی نەلاواندەوە/ کوڕەکانی هەر ماچیشی نەکردون/ هاواری کرد/ سپی سپی هەڵگەڕا/ دەبو پانی بکەمەوە/ چاوەکانی کرابونەوە/ گڕی گرت...هتد | گوتی19/ پرسی11 |
| مریەمە ڕەش | پێڵاوەکانی ماچ کرد/ بەرگری لەخۆی نەکرد/ ئاڵبۆوە/ لەرزی گرت/ پرسی/ هاواری دەکرد/ وشک دەبو...هتد | گوتی44/ترسا3/خۆی بەسەرپێڵاوەکانی دادا2/ گریا2 |
| مەحمود کەماڵ | ئاگری لەچاو دەباری/ دڵی ژنەکەی نابینێ/ گوێ ناداتە ئازاری خەڵک/ دوای تۆڵە کەوتوە/ بەدەنگی بەرز هاواری کرد/ بازی دایە سەر کوڕە باریکەکە/ کوڕە باریکەکەی بە جامەکە دادا/ ئێستا کۆتاییان پێدێنم/ دڵی دایکی کردە نیشانە/ پاڵی توندی بە دەرگاکەوە نا/ لەو ڕۆژەی لە دایکبوە ئاگری بەدەستەوەیە/ فەرامۆشی کرد/ دەمانچەکە دەخاتە سەرسەری خۆی/ شیڕاندی...هتد | گوتی6/دەمانچەکەی گرتبو2/سەری خۆی بەدیواردا کێشا2/ تاساوە 2 |

کردارەکە ڕوی ڕاستەقینەی کەسییەتییەکە بەدەردەخات، بۆ نمونە لە کارە تاکەکانی نیاندا هەست بە هەست و دڵناسکی ئەم کەسییەتییە دەکەین، لەلایەکی تر ئەم کارانە دەلالەت لە زەبر و هێزی توخمی پیاو دەکات بەرانبەر توخمی ژن، واتە ئەو پەشۆکان و دڵشکان و سەرسامبونە دەلالەتە لە ناخ و دەرونێکی ئازاردراو. ئەو کارانەی خراونەتە پاڵ سەروەر و مریەمە ڕەش گوزارشت لە پێگەیەکی نزمی کۆمەڵایەتی دەکەن. کرداری کەسییەتییەکانی تریش بە هەمانشێوە دەرخەری بیرکردنەوە و پێگە کۆمەڵایەتییەکانیان پیشان دەدات. لە کاری دوبارەبوەوەدا، کاری (گوتی) لە هەمو کەسییەتییەکان بەڕێژەیەکی زۆر پلەی یەکەمی گرتوە، کە دەکرێت ئەمە زیاتر بۆ لایەنی تەکنیکی نوسینی دەق بگەڕێتەوە، بەڵام لە هەمان کاتیشدا دەسەڵاتدارێتی ڕۆماننوسیش دەگەیەنێت، واتە ئاڕاستەکردنی کەسییەتییەکان و ئازادی قسەکردنیان لە دەست ڕۆماننوس دایە و تا ئەو ڕێگایان پێنەدات کەسییەتییەکان ناتوانن گفتوگۆ بکەن و گوزارشت لە خۆیان و دەوروبەرەکەیان بکەن.

**4- ئاستی ئەرکەکان:** ئەم ئاستە گوزارشت لەو کردارە جیاوازانە دەکات، کە کەسییەتییەکان لە ماوەی پرۆسەی گێڕانەوەکەدا ئەنجامی دەدەن و پێی هەڵدەستن، هامون ئەم بیرۆکەیەی لە پرۆسەی ئەرکەکانی (پرۆپ)ەوە وەرگرتوە و بریتین لە "دەستکەوتنی یارمەتی، بریکارنامە، پەسەندکردنی گرێبەست، گەیشتن بە زانیاری، گەیشتن بە چێژ، ڕوبەڕوبونەوەی سەرکەوتو"(هامون، 2013: 45) لە ڕێگەی ئەم ئەرکانەوە توانیمان گرنگترین کەسیەتییە (سەرەکی)یەکانی نێو ڕۆمانی (سەردەمی گریانی بەڵقیس) پۆلێن بکەین بە مەبەستی تیشک خستنە سەر ئەرک و ڕۆڵەکانیان لە ناو ڕۆمانەکەدا، وەک ئەم خشتەیەی خوارەوە:

| ئەرکی | دەستکەوتنی یارمەتی | قوتابی زانکۆیە ئەمەش یارمەتیدا بۆ ئەوەی بە نیان بگات |
|---|---|---|
| سەروەر | ڕاسپێردراو | ئەرکی بینینی خۆشەویستی نیانی پێ سپێردراوە |
| | پەسەندکردنی گرێبەست | سەروەر لە ڕێگەی وێنەگرتنێکەوە ئەم ئەرکەی پەسەند کرد. |
| | گەیشتن بە زانیاری | دوای وێنە گرتنەکە تێڕوانینی بۆ ژیان گۆڕاو هەستی بە خۆشەویستی بۆ نیان جوڵا |
| | گەیشتن بە چێژ | بەهۆی هاوڕێیەتی سەردار و وێنەگرتنەوە، عاشقی نیان بو. |
| | ڕوبەڕوبونەوەی سەرکەوتو | دوای هەوڵێکی زۆری سەروەر نیانیش هەمان هەستی لەگەڵ سەروەر گۆڕییەوە. |
| نیان | دەستکەوتنی یارمەتی | وەک قوتابی زانکۆ وێنەگرتنی لەگەڵ سەروەر یارمەتیدا بۆ ئەوەی بە سەروەر بگات |
| | ڕاسپێردراو | ئەرکی بینینی خۆشەویستی سەروەری پێ سپێردراوە |
| | پەسەندکردنی گرێبەست | نیان بەهۆی دۆزینەوەی نامەی سەردار بۆ نیان لەلایەن سەروەرەوە ئەم ئەرکەی پەسەند کردوە |
| | گەیشتن بە زانیاری | ئەوەی لە سەروەردا هەستی پێ کرد، لە کوڕەکانی دیکەدا نەیدۆزییەوە کە وەفا و خۆشەویستییە. |
| | گەیشتن بە چێژ | ئاگاداری سەروەر بو و خۆشەویستی خۆی پێ بەخشی. |

| | | |
|---|---|---|
| | ڕوبەڕوبونەوەی سەرکەوتو | سەروەریش هەمان هەستی لەگەڵ نیان هەبو. |
| سەردار | دەستکەوتنی یارمەتی | لە زانکۆدا سەردار داوای لە سەروەر کرد وێنەیان لەگەڵ بگرێت. |
| | ڕاسپێردراو | ئەرکی یارمەتیدانی سەروەر و نیانی پێ سپێردراوە. |
| | پەسەندکردنی گرێبەست | دوای ئەوەی کە لە کتێبخانەدا نیانی بینی، کە نامەی سەروەر دەخوێنێتەوە، ئەم ئەرکەی پەسەند کرد. |
| | گەیشتن بە زانیاری | لە لایەک هەوڵی ڕازیکردنی کەمال و کوڕەکانی دا، لەلایەکی تر یارمەتی نیان و سەروەری دا بۆ هاوسەرگیری و ڕزگارکردنی لە دەست کەمال و کوڕەکانی. |
| | گەیشتن بە چێژ | وەک هاوڕێیەکی بەوەفا و دڵسۆز یارمەتی سەروەر و نیانی دا و ئەمەش زۆر دڵخۆشی دەکرد. |
| | ڕوبەڕوبونەوەی سەرکەوتو | سەردار ئەو کارێزمایە بو کە هەمیشە لە پشت نیانەوە وەستابو، کە ڕۆحیەتی ورەبەرزی و هەستانەوەی بە نیان دەبەخشی |
| بەڵقیس | دەستکەوتنی یارمەتی | بەڵقیس لە ڕێگەی تەلەفۆنی نیان و ئەو وێنەیەی کە لە ماڵی مریەمە ڕەش دۆزیەوە، یارمەتی دا، تا بە نیان بگات. |
| | ڕاسپێردراو | ئەرکی دۆزینەوەی ماڵی مریەمە ڕەش و نیانی کچی پێ سپێردراوە |
| | پەسەندکردنی گرێبەست | دوای تەلەفۆنەکەی نیان لەگەڵ بەڵقیس، بەڵقیس ئەرکی بەدواگەڕانی دەست پێکردوە |
| | گەیشتن بە زانیاری | هەوڵیدا کێشەکە چارەسەر بکات بەبێ کەمال و کوڕەکانی، دواتر هەوڵی هێورکردنەوەی کەمال و کوڕەکانیدا. |
| | گەیشتن بە چێژ | وەک دایکێکی میهرەبان و جەرگ سوتاو، بە دۆزینەوەی وێنەی نیان و سەروەر و سەردار لە ماڵی مریەم زۆر دڵخۆشبو |
| | ڕوبەڕوبونەوەی سەرکەوتو | دوای هەوڵێکی زۆری گەڕان بۆ دۆزینەوەی نیان، بەڵام سەرکەوتو نەبو. |

لەم خشتەیەی سەرەوەدا، دەگەینە ئەو ئەنجامەی، کە پەیوەندییەک لە نێوان کەسیەتییەکانی نێو دەقی گێڕانەوەکەدا هەیە لە ڕێگەی ئەم پەیوەندییەوە پرۆسەیەکی تێکەڵابون و ملمڵانێیەکی توند لە نێوانیاندا بەرهەم دێت، بەمشێوەیە ئەو پەیوەندیانەمان بۆ ڕون دەبێتەوە، کە کەسیەتییەکان بەهۆی کارلێک و جیاوازی و گۆڕانکارییەکانەوە بەیەکەوە بەستراونەتەوە و پرۆسەی گێرانەوەکە بەڕێوەدەبەن، بۆ نمونە سەرەڕای جیاوازییەکی زۆر لە نێوان نیان و سەروەر لە ڕوی پێکهاتەی دەرەوەیاندا، بەڵام نیان بەهۆی نەدۆزینەوەی ئەو سیفەتانەی کە دەیویستن لە کوڕەکانی تردا نەبون، کەچی لە سەروەردا دۆزییەوە، لەلایەکی تر نیان بۆ (سەروەر)یش ئەو کەسە بو کە لە خەم و ئازارەکانی تێدەگەیشت، کە ئەمەش وای لێکردن بڕیارێکی قورس بدەن و بە خەونێکی خۆش و دور لە خزم و کەس و کار و کۆمەڵگاوە بژین.

## دالی کەسییەتی

ناو وەک کارتێک بۆ خستنەڕو و ناساندنی کەسییەتی گێڕانەوەیی بەکاردەهێنرێت، یاخود هەر لە ڕێگەی ناوەوە دەتوانرێت کەسییەتی خەیاڵی و کەسیەتی واقیعی لە یەکتر جیا بکرێتەوە، بەو پێیەی "ناو نیشانەیەکی زمانەوانییە لە دال و مەدلول پێکدێت"(النعيمي، 2010: 205). ناو ڕۆڵێکی گرنگی هەیە لە کاری گێڕانەوەییدا، چونکە کەسییەتییەک لەگەڵ یەکێکی تردا جیا دەکاتەوە، واتە "وا سەیری کەسییەتی دەکرێت کە ناوێک بێت و بەدوای مانایەکدا دەگەڕێت، یان وەک دالێک بێت و بەدوای مەدلولەکەیدا دەگەڕێت، هەندێک لە کەسییەتییەکان بە ناڕونی دەمێننەوە تا لە ڕێگەی خوێندنەوەی بەرهەمی ڕۆماننوسەوە ماناکانی دەدۆزرینەوە"(جريوي، 2010: 254). یەکێک لەو بیرۆکانەی کە لە تیۆرەکەی فیلیپ هامون ئاماژەی پێکراوە، بریتییە لە دالی کەسییەتی، کە لەوبارەیەوە دەڵێت، "کەسییەتی بەپێی دالێکی جیا دەخرێتە سەر شانۆی دەقەکە"(هامون، 2013: 58) بەمەش ژیان و جوڵەی کەسییەتییەکان ناوەوەی دەقی گێڕانەوەیە و هەریەکێکیان دالێکی تایبەت بەخۆی هەیە، هامون لە پێناسەکردنی دالی کەسییەتیدا دەڵێت، "کۆمەڵێک نیشانەی پەرش و بڵاون، کە دەکرێت بە تایبەتمەندی (السمة)ی دەلالی ناوی ببەین و ئەم تایبەتمەندییەش لە نوسەرێکەوە بۆ نوسەرێکی دیکە بەپێی هەڵبژاردنە جوانییناسی و شێوازییەکانەوە جیاوازە، دالی کەسییەتییەکان ناو و نازناوەکانیان لەخۆ دەگرێت"(قناوي، 2021: 137) لێرەدا دال لەسەر بنەمای گرنگی ناوەکانەوە بونیاد دەنرێت و هەر نوسەرێکیش ناوی کەسییەتییەکانی ڕۆمانەکەی هەڵدەبژێرێت، بۆ ئەوەی کەسییەتییەکان لە یەکتری جیا بکرێنەوە، بۆ ئەمەش زۆر جاری واهەیە نوسەر ناوێک بە تەنها یاخود لەگەڵ نازناوێک بەکاردەهێنێت کە دەرخەری سیفەت و مەبەستێکن. ئەمەش خوێنەر هان دەدات بۆ گەڕان بەدوای ئەو مەبەست و زانیارییانەی کە ناوەکە هەڵیگرتون، بۆ ئەوەی لەم ڕێگەیەوە بە مانا و دەلالەتی کەسییەتییەکان بگات، جا ئەم کەسییەتییانە لە خەیاڵەوە سەرچاوەیان گرتبێ یاخود لە واقیعەوە وەرگیرابن.

ناوی تایبەت (اسم العلم) ڕۆڵ و کاریگەرییەکی گرنگی هەیە لە پرۆسەی گێڕانەوەدا بەشێوەیەکی گشتی، لەوبارەیەوە هامون وەک نیشانەیەکی سیمیۆلۆژی مامەڵەی لەگەڵدا دەکات، کە دەلالەت و مەبەستەکانی لە چوارچێوەی سیاقی دەقی و هزرییەکانییەوە دیاری دەکرێت، لە ڕێگەی پەیوەندی دەقی و بونیاد و کارلێک لەسەر بنەمای هاوچەشنی و جیاوازییەکانییەوە دەستنیشان دەکرێت، فیلیپ هامون لەو بڕوایە دایە کە دالی سەرەکی کەسییەتی ئەو ناوە تایبەتییەیە کە تایبەتمەندی کەسییەتی و پێکهاتە دەلالی و سیمیۆلۆژییەکانی بۆ ئێمە ئاشکرا دەکات، چونکە ناوەکە تەژییە بە واتا و دەلالەت، کە لەوانەیە سەرچاوەی یادەوەری یان هێما و ڕەمزێک بێت بۆ خودی ڕۆماننوس، پاشان ڕەگەزی کەسییەتی (نێر، مێ) ئاشکرا دەکات، ئینجا تێدەکۆشێت بۆ هەڵبژاردنی ناوی کەسییەتییەکانی، بەڵام هەمو ئەمانە بۆ ئەوە دەکات تاکو وەرگر و خوێنەر بوروژێنێت و هانیان بدات بۆ ئاراستەکردنی مێشک و بیریان تاکو بە ڕۆڵەکانی گێڕانەوە ئاشنا ببن و لە ئەرکە فاکتەری و زارەکییەکانی تێبگات(ریان و قاضي، 2020: 52).

بەسەرنجدانمان لە ڕۆمانی (سەردەمی گریانی بەڵقیس)دا، ناوەکان ڕۆڵێکی دیار و گرنگ دەگێڕن لە دەرخستنی کەسییەتییەکان و مانا و دەلالەتەکانیاندا، ئەو ناوانەی کە ڕۆماننوس هەڵیبژاردون و مەزراندونی تێکەڵەیەکن لە ناوی عەرەبی و کوردی، ئەمەش ڕەنگدانەوەی ئەو ژینگە و قۆناغەبوە، کە ڕوداوەکانی ناو ڕۆمانەکە تیایاندا ڕویانداوە، لەم ڕوانگەیەوە هەوڵدەدەین زیاتر دەستنیشانی گرنگترین ئەو کەسییەتییانە بکەین بۆ دیاریکردنی دەلالەتی ناوەکانیان:

**نیان:** ناوێکی تایبەتی و ڕەگەزی مێینەیە، بە واتای (نەرم و هێمن و لەسەر خۆ، ناسک و جوان و خنجیلانە) دێت، ئەم کەسییەتییە یەکێکە لە کەسییەتییە سەرەکییەکانی نێو ڕۆمانەکە، چونکە بەشێکی هەرەزۆری ڕوداوەکان بە دەوری ئەم کەسییەتییەدا دەسوڕێنەوە، جوانی و ناسکی نیان ببوە جێگای تێڕامانی کوڕان و دەوروبەرەکەی، هەر بەهۆی ئەم نیانی و جوانیەشەوە بو مەحمودی برای لەگەڵ ئەوە نەبو بینێرنە زانکۆ، واتە **"ئەو هەر یەکەم جار لەگەڵ ئەوە نەبو، ئەو خوشکە چاو پڕ ڕەونەق و سیحرەی بچێتە بەغدا"**(غەریب، 2018: 62). ئەو کچە سادە و کەیفخۆش و دڵپاک و میهرەبان بو، ئەمەش لە هەڵوێستەکانیدا لەنێو ڕۆمانەکە ڕەنگیداوەتەوە، هەر ئەم دڵپاکییەش بو کە فەرهادی خۆشەویستی یەکەمی قۆستییەوە و دەست درێژی کردەسەری، واتە بەشێک لە هەڵەکان بۆ سادەیی و ساویلکەیی ئەو دەگەڕێتەوە، دروست بونی پەیوەندی خۆشەویستیشی لەگەڵ سەروەر هەر بەهۆی دڵپاکیەکەیەوە بو، کەواتە ناوەکە وەک دالێک تەبایە لەگەڵ ئەو مانایەی کە هەڵیگرتوە.

**سەروەر:** ناوی سەروەر ناوێکی تایبەتی ڕەگەزی نێرە، لە زمانی فارسی بە واتای (فەرماندار، سەرۆک، گەورە و بەڕێز) دێت و لە زمانی کوردی بە واتای (ڕێزدار) دێت (محمد، 2021). سەروەر ناوێکی تاکە و

هیچ پێشگر و پاشگرێکی پێوە نییە، دەکرێت ڕۆماننوس لە گۆشەنیگای خێزانەکەیەوە ئەم ناوەی هەڵبژاردبێت، چونکە باوکی کەسێکی شیوعی بوە و داوای نان و ئازادی و ڕزگاربون لەژێر دەستەیی بۆ خەڵک و گەڵەکەی دەکرد، کاتێک سەروەر دەبێتە هەرزەکار ڕوبەڕوی دەست درێژی سێکسی دەبێتەوە لەلایەن هەندێک لە گەنجەکانی ناو سینەماوە و دواتر خۆی لە قەڵات هەڵدەدات و بۆ ماوەی ساڵێک ناتوانێت وەک کەسێکی ئاسایی بژیت، ونبون و نەمانی باوکی و لەلایەکی تر شێواوی و ناڕێکی دەم و چاو و جەستەی، توشی دابران و جەنگێکی دەرونی سەختیان کردۆتەوە لەگەڵ خودی خۆی و تەنانەت کۆمەڵگا و دەوروبەرەکەشی، ئەمەش توشی ڕەشبینی کردوە، بۆیە ناوەکە وەک دالێک پێچەوانەی ئەو خەسلەتانەیە کە خودی ناوەکە دەیگەیەنێت.

**بەڵقیس:** ناوێکی تایبەتی ڕەگەزی مێینەیە، بنەچەی دەگەڕێتەوە بۆ زمانی عەرەبی و بە واتای کچێکی بەهێز و دلڕفێن و خاوەن کەسایەتییەکی سەرسوڕهێنەر و جوانییەکی سیحراوی دێت، لە هەمان کاتدا مانای خەم و پەژارەیی دەگەیەنێت، ئەو خەسڵەتانەی کە ئەم ناوە لەخۆی گرتون بریتین لە (خۆشەویستی، بەهێزی کەسایەتی، پێداگر، بوێر و ئازا، بە سۆز و بەخشندە، ڕەمزی جوانی...هتد) ئەم ناوە ڕەهەندێکی مێژویی و ئاینی هەیە دەگەڕێتەوە بۆ شاژنە بەڵقیسی پادشای سەباء، کە لە شانشینی یەمەن لە دەوروبەری سەدەی بیستەمی پێش زاین فەرمانڕەوای کردوە، لە قورئانی پیرۆز و کتێبی پیرۆزدا باسکراوە و دواتر هاوسەرگیری لەگەڵ پێغەمبەر (سلێمان)دا کردوە (الارناؤوط، 2007: 98، 214). ڕۆماننوس ئەم ناوەی خواستوە بۆ کەسییەتییەکی ناو ڕۆمانەکەی بە ناوی (بەڵقیسی مەلا محەمەدی میزان)، زۆربەی ئەو سیفەت و خەسڵەتانەشی کە لە کەسییەتی بەڵقیسی مێژوییدا هەن، لە کەسییەتی ناو دەقی ڕۆمانەکەشدا هەن، گێڕەرەوە لە گۆشەنیگای مریەمە ڕەشەوە بەم شێوەیە وەسفی بەڵقیس دەکات، "**مریەم دەیزانی سەردەمی پاشایەتی بوایە بەڵقیس شاژنی سەبەئ بو، ئەو دەیزانی سەردەمێک شاژنی سلێمانی بوە، سەروەر باسی کردبو، هەمو شتێکی بە تامی خەسوەوە بۆ دایکی باس کردبو، گوتبوی کە دایکی نیان شوی کردوە، نیوەی سلێمانی داوەتی شاییەکەی بون، مەڵکەندی تا ئەمڕۆش پڵاوێکی وەک ئەوەی ڕۆژی بوکێنییەکەی ئەوی بەخۆیەوە نەدیوە. حافز و هەژارەکانی مزگەوتی گەورە بۆ سێ ڕۆژ برسیەتییان لە بیرچۆتەوە، ژنە چێشڵێنەرەکانی سلێمانی تا ئێستاش بە پڵاوی دانسقە و تایبەت دەڵێن پڵاوی بەڵقیس**"(غەریب، 2018: 73) بەڵقیسی ناو ڕۆمانەکەش بەهەمان شێوە لە ڕویی دەوڵەمەندی و پلەوپایەی کۆمەڵایەتی خاوەن پێگەیە، واتە گێڕەرەوە هەمان ئەو پێگەیەی کە لە بەڵقیسی مێژوییدا هەن بۆ کەسییەتی بەڵقیسی نێو دەقەکەی فەراهەم کردون، بۆ نمونە لە ڕویی جوانییەوە کەسێکی جوان بوە، گێڕەرەوە دەڵێت، "**بەڵقیسیش ڕەونەقێک، ئاوێکی پڕشنگدار لە**

**چاوە زەردەکانیدا بو، ئەو ڕەنگەش بەسەر تەواوی پێست و جیلوەی جەستەیدا بڵاو ببۆوە**"(غەریب، 2018: 10).

**سەردار:** لەڕوی پێکهاتەی ناوەکەیەوە ناوێکی تایبەتی پیاوانەیە، کە بنەڕەتی ئەم ناوە دەگەڕێتەوە بۆ بنەچەی ڕەچەڵەکی کورد و ڕەچەڵەکی فارس و لەناو تورکیشدا باوە، ناوێکی لێکدراوە و لە دو بەش پێکدێت، واتە (ناو + ناو) کە هەریەکەیان مانای جیاوازی هەیە، مانای تەواوی بریتییە لە (سەرۆکی عەشیرەت، سەرۆکی سوپا، سەرۆکی گەڵ) لە زمانی فارسی، بەڵام لە زمانی کوردی واتای (ڕێبەر، سەرکردە) دەگەیەنێت (محمد، 2021). لە فەرهەنگی کوردستان بەم شێوەیە هاتوە "سەروەر، خان، سان، سەرەک، هرار، گەورەی ماڵێ، سالار، سەرۆکی لەشکر و پێشمەرگە"(موکریانی، 1999: 570)، ئەگەر تەماشا بکەین ئەم ناوە هەڵگری کۆمەڵێک سیفەتی جیاوازە، واتە "سەردار کەسێکی بوێر و بە هەڵوێستە و توانای ئەوەی هەیە لە هەر کاتێکدا ڕوبەڕوی نادادپەروەری ببێتەوە. لەلایەکی تر توانای هەڵگرتنی بەرپرسیاریێتی هەیە، هەرچەندە گەنج بێت. کەسێکی خوێندەوارە و حەزی لە فێربون و پەرەپێدانی خۆیەتی. کەسێکە کە دڵسۆزبێت بۆ باوک و دایکی و خێزانەکەی. کەسێکی کۆمەڵایەتییە و هاوڕێی هەیە"(محمد، 2021). بە تێڕامان لەم سیفەتانە و ڕۆڵ و پێگەکەی لەنێو دەقی ڕۆمانی (سەردەمی گریانی بەڵقیس)دا دەتوانین بڵێین کەسییەتی سەردار هەڵگری هەمان ئەو خەسڵەتانەیە، بۆ نمونە لە دیالۆگێک لەگەڵ کچەکاندا دەڵێت، **"ڕاست دەکەن، ئێوە ڕاست دەکەن، باوەڕم پێمەکەن، بۆ قوربانیدان، بۆ مردن ئا، باوەڕم پێ بکەن، بەڵام بۆ عەشق و ئەڤین و ئەو شتە قورسانە نابم، بەکەلک نایەم**"(غەریب، 2018: 99). ئەو کەسێکی ڕاستگۆیە کە ئەرکەکانی بەرانبەر هاوڕێیەکانی ئەنجام دەدات، پیاوێکی باشە بە هەمو مانایەکەوە، قسەکانی هۆشیار و ژیرانەن، توانایەکی باشی هەیە و هەربەوەوەش لە کەسانی تر جیا دەکرێتەوە، لە سروشتی خۆیدا ئارامە، پڕە لە زیندویی و هاوسۆزیی هاوڕێیەکانی، کەسێکە دەزانێت چۆن بەرپرسیارەتی هەڵبگرێت و سەختترین قۆناغەکان تێدەپەڕێنێت، کوڕێکی چاکە ناوەکە لە سیفەت و کردارەکانیدا هاوشێوەی ناونانەکەیەتی، سەردار یەکێک بوە لەو گەنجانەی وڵاتەکەی خۆش دەویست و عاشقی دادپەروەری بو، هاوسۆز و بەوەفابو.

**کەمالی بەزاز:** ناوێکی عەرەبی لێکدراوی (نێر)ە، پێکهاتوە لە ناو + نازناو، بەشی یەکەمی لە فەرهەنگ و سەرچاوە عەرەبییەکان بە واتای تەواوبون دێت کە ناوێکی سەرچاوەییە و ئاماژەیە بۆ تەواوبونی شتێک بەبێ کەم و کورتی، لە خودەکان و سیفەتەکان بەکاردێت، ئەو سیفەتانەی کە ئەم ناوە هەڵگریەتی بریتین لە زیرەک و سەرکەوتو، بەخشندە و یارمەتیدەر...هتد (الارناؤوط، 2007: 165). بەشی دوەمی ناوەکە (بەزاز) لە سەرچاوە کوردییەکان بە واتای قوماش یاخود کوتاڵ فرۆش دێت، بەمەش (کەمالی بەزاز)ی ناو ڕۆمانەکە، کەسییەتییەکی دەوڵەمەند و خاوەن داهات و ناسراوی شاری سلێمانییە و خاوەنی پێگەیەکی کۆمەڵایەتی

بەرزە، خاوەنی چەندین قەیسەری و دوکانن و بازرگانی قوماشن، کەمال دەڵێت **"من کوڕی حاجی بەکری بەزازم، تەنها کوڕە بەزاز دەزانێ بە نیگایەک ئاوریشم لە تەواوی قوماشی دنیا جیا بکاتەوە، ئاوریشمێک کرمەکەی لە دروستکردنیدا گیانی دابێ"**(غەریب، 2018: 10) ئەگەر چی لەسەر ئاستی ڕوداوەکاندا ڕۆڵێکی کەمی هەیە، بەڵام ئەو ڕۆڵە کەمەی گرنگی و کاریگەرییەکی گەورەی بەسەر ئەنجام و ململانێی کەسییەتییەکانی ناو ڕۆمانەکەوە هەیە. نوسەر لە ڕوی ئەم ناو و نازناوە و ئەو پێگە کۆمەڵایەتییەی کە هەیەتی ئەم کەسییەتییەی دیاری کردوە، بەمپێیەش ئەم نازناوە وێنەی ئەم کەسییەتییەی تەواوکردوە و وێنایەکی نزیک لە واقیعی پێ بەخشیوە بۆ خوێنەر، واتە هەڵگری دەلالەتێکی خاوەن پێگەی کۆمەڵایەتی و ساماناداری و پیشەیی و چینایەتی دەگەیەنێت، کە هەڵگری خەسڵەتێکی خۆ بەزلزان و خاوەن پێگەیە، هەر بۆیە ناوەکە تەواوکەری خودی ئەم کەسییەتیەیە کە نایەوێت کچەکەی بەکەسێک بدات کە لە ڕویی پلەوپایە و پێگەی کۆمەڵایەتییەوە لە ئاستی ئەودا نەبێت. کەمال وەک دال لەنێو ڕۆمانەکەدا کەسییەتییەکی ستەمکارە کە سیمای نادادپەروەری و ستەمکاری و پیاوسالاری بەرجەستە کردوە، ماف و ئازادییەکانی ژن و کچەکەی پێشێل کردوە ئاشتی و میهرەبانی و هەست و سۆزی باوکایەتی لە کەسایەتییەکەیدا بەرجەستە نەبوە.

**مریەمە ڕەش:** ناوی مریەم ناوێکی مێینەی عیبرییە و بە واتای "بەرز، خانمی دەریا"(قناوی، 2021: 302) دێت، ناوی مریەم یەکێکە لە ناوە کەلتوری و باوەکانی جیهان بە گشتی و ناو میللەتانی ڕۆژهەڵات بە تایبەتی، لەلایەن پەیڕەوانی ئاینیی (ئیسلام و مەسیحی و جولەکە)ەوە بەکاردێت و ڕێزی لێگیراوە، ئەم ناوە ڕەهەندێکی ئاینی و مێژویی هەیە ودایکی پێغەمبەر عیسایە (د.خ) (الارناؤوط، 2007: 255) نوسەر بە مەبەست لەنێو دەقەکەیدا مەزراندویەتی، یەکێک لە سیفەتەکانی مریەمی مێژویی پاکیزەییە، کەچی ناوی مریەمی ناو دەقی ڕۆمانەکە هێمای ژنێکی پاک و بێ تاوان و ستەم لێکراو بو، ستەمێک کە نەریتەکانی کۆمەڵگە و کەسانی خاوەن پێگەی سیاسی و کۆمەڵایەتی ڕوبەڕویان کردۆتەوە، پەیوەندی نێوان (مریەم)ی نێو ڕۆمانەکە و (مریەم)ی مێژویی لەوەدا بەدەردەکەوێت کە ئەمەی دوەمیان هێمای پاکی و بێتاوانییە، کە هیچ ڕق و دوژمنایەتی لە دڵیدا هەڵنەگرتوە بەرانبەر کەسانی تر، هەرچەندە سوکایەتییان پێدەکرد و بە داوێن پیس و خراپ باسیان دەکرد، بەڵام ئەوەی یەکەمیان قوربانی داب و نەریت و پێگەی کۆمەڵایەتییە، کە لە هەمو هەست و سۆز و خۆشەویستییەک بێبەشە، **"ژن کە مێردی مرد ئیدی بەردێکەو ئاگری لەسەر دەکرێتەوە، لەگەڵ مێردەکەی دەبێت بۆ هەتا هەتایە هەست و سۆزی خۆی بنێژێ"**(غەریب، 2018: 184). هەردو مریەمی مێژویی و مریەمی ئەدەبی لەوە لەیەک دەچن کە هەردوکیان بەهۆی منداڵەکەیانەوە توشی کێشە و ئازار و مەینەتی دەبن و ڕوبەڕویی سزای کۆمەڵگە دەبنەوە، کە مریەمی مێژویی بەخستنەپاڵی تۆمەتی داوێن پیسییەوە تاوانبار کرا، بەڵام مریەمی ئەدەبی بەهۆی خۆشەویستی و ڕەدوخستنی کچێکەوە

لەلایەن کوڕەکەیەوە، هەردو مریەم لەوەشدا یەکسانن کە مێردیان نییە، مریەمی مێژویی لە بنەڕەتدا مێردی نەبوە و بەهۆی موعجیزەوە منداڵی بوە، بەڵام مریەمی ئەدەبی مێردەکەی بەهۆی کاری سیاسییەوە لەناو بردراوە. نازناوی (مریەم) کە، بریتییە لە وشەی هاوەڵناوی (ڕەش) کە زیاتر ئاماژەیە بۆ ڕەنگەکەی، کە بەهۆی تاڵی و سەختییەکانی ژیان ڕەنگەکەی لە ئەسمەرەوە گۆڕابو بۆ ڕەش، **"وا نەبو، ئەودەم مریەم وا نەبو، ئەو ڕەش و پیس و چەرمن نەبو، ئەو کچێکی گەنمڕەنگی خوێنشیرین بو، قژی ئەستور و درێژ بو، زوتر زۆر زوتر دایکی بۆی دەکردە پەلک"**(غەریب، 2018: 71) بەهۆی پیاوسالاری و نەریتی دواکەوتویی کەلتوری کوردی چەوساوەتەوە و سروشت و جوانییەکەی لێ سەندراوەتەوە و شکۆمەندییەکەی لەنێو بردراوە.

**مەحمود:** ناوێکی عەرەبییە، بەرکارە بە واتای "هەڵس و کەوتی باش، سوپاسگوزار"(طالب و لبسیس، 2020: 25) دێت، نوسەر ئەم کەسییەتییەی لە کەسییەتی مێژویی و خەباتگێڕی کورد (شێخ مەحمودی حەفید) خواستوە و لەنێو دەقەکەیدا مەزراندویەتی، نیان دەڵێت **"مەحمود کە بە ناوی شێخی گەورە کراوەتەوە"**(غەریب، 2018: 293) کەسییەتی شێخ مەحمود هەڵگری خەسڵەتی توندی و بەرگرییە بۆ نەتەوەکەی، هاوکات کەسییەتی مەحمودی ئەدەبیش هەڵگری هەمان خەسڵەتە، بەڵام نەک بۆ گەڵ و نەتەوەکەی، بەڵکو بۆ تۆڵەسەندنەوە لە نیان و سەروەر بەهۆی بونی پەیوەندی خۆشەویستی، **"مەحمود تەنها بە بیستنی هەواڵی عەشقبازیی نیان سەری بە دیواردا کێشا، خوێن فیچقەی کرد و لە هۆش خۆی چو، ئەی ئەگەر ئێستا بەیەکەوە بیانگرێ"**(غەریب، 2018: 63) ئەمەش دەرخەری ئەو توندی و کەللەڕەقیەی مەحمود بەدەردەخات و ئەمەشی بە حەیاچون دەزانی. کەواتە ناوی کەسییەتی مەحمود لە ڕوی ناونانەوە بە شێخ مەحمود هەڵگری هەمان خەسڵەتی توندییە، بەڵام لە ڕویی مانای فەرهنگییەوە کەسایەتییەکە پێچەوانەی ناوەکەیەتی، چونکە کەسییەتییەکی نەرم و سوپاسگوزار و باش نەبوە لەگەڵ دایکی و خوشک و هاوسەرەکەی و خێزانی سەروەر، بەمەش دال لەگەڵ مەدلولەکەی تەبا نییە.

- هەندێک ناوی تر خەسڵەتی پیشەییان هەڵگرتوە: (ئەحمەدی قەساب، ئەبو سەباحی وێنەگر، عبدالقادر بەیتار، ئەبو سەلام جگەرچی، عەبۆی قاوەچی، نەوزادی عەزەی نەجار، هورمزی مزەمید، کوڕە پاقلە فرۆشەکە، خدری بەقاڵ، سمایلی عەتار) ناوەکان هەڵگری نازناوێکی پیشەیین و نوسەر لەم ڕێگەیەوە خۆی لە وەسفی درێژ ڕزگار کردوە، بەهۆی ئەم شێوازەشەوە خوێنەر تەنها بەهۆی نازناوی پیشەییەوە دەتوانێت پەیی بە هەندێک لایەنی ئەم کەسیەتییانە بەرێت.
- شێوازێکی تری وەک ناوی لێکدراو: (سەید وەقاس، مام گیۆ، مام حوسێن، مامە غالی، زەعیم سدیق، ئەبو سامر، مامە نەجم، دکتۆر حەیات شەرارە) ئاماژەیەکی کەلتوری و کۆمەڵایەتی هەیە.

- هەندێکی تریان بەهۆی پاشگرێکەوە هەڵگری شوێن یان سیفەتێکن: (مەهدی هەولێری، خورشیدە ژنانی، عەبدوللای خەلیفە، مستەفا مێخە، خدرە سیس، کاتسوی یابانی، عەزیز دوشەو، ڕێبواری خوێڕی، نادیە مستەفای میسرِی، جەدۆ، حەیدەری نەجەفی) زیاتر وەک بچوککردن یان ناو ناتورە و نازناو و ناسنامە ئاماژە دەبەخشن.
- هەندێک لە ناوەکان وەک کەسایەتی بەکارهاتون، لەلایەک و ڕەنگدانەوەی کەلتوری کوردی و عەرەبی لەلایەکی ترەوە، تەنها بۆ جیاکردنەوەی کەسییەتییەکان لە یەکترین وەکو (میدیا، پەریخان، فەرهاد، شەماڵ، ئاسۆ، لەیلا، محەمەد، سەرمەد، هەدیل، مەعن، هەدیل، ئیستەبرەق، هەجیجی)

پێویستە ئاماژە بەوە بکەین کە زمان گرنگترین کەرەستە و ئامرازی قسەکردن و دیالۆگی نێوان کەسیەتییەکانە، چونکە لە ڕێگای زمانەوە خوێنەر بە تەواوی لە هزر و بیرکردنەوە و ناسنامەی کەسیەتییەکان دەگات، هەروەها هەر لە ڕێگای زمانەوە جۆری نەتەوە و شێوەزار و چین و توێژەکانی بۆ دەردەکەوێت، لەم ڕوانگەیەوە ئەوەی بۆ دەردەکەوێت کە ڕوداوەکان لە چ شوێنێک و چ کات و سەردەمێکدا ڕویانداوە، ئەم کەسیەتییانە خەڵکی کام شار و کام ناوچەن، ئەمەش زۆر بە ڕونی لەنێو ڕۆمانەکەدا هەستی پێدەکرێت، بەڵام سەرەڕای بەکارهێنانی ئەم شێوازە لەلایەن ڕۆماننوسەوە، دەتوانین بڵێین ئەم دیاردەیە لە تەوای ڕۆمانەکەدا بەرجەستە نەبوە.

بەهۆی زمانەوە ئایدۆلۆژیا و ئاستی رۆشنبیری و خوێندەواری و نەخوێندەواری کەسیەتییەکانمان بۆ دەردەکەوێت، چونکە زمانی هەر چینێک جیایە لەوەی تر، لەلایەکی تر هەر لە ڕێی دیالۆگ و گفتوگۆی نێوان کەسیەتییەکان ئاشنای لایەنی دەرونی و عەقڵی کەسیەتییەکان دەبین بەوەی کەسێکی گەشبینە یاخود ڕەشبین، هەر لە ڕێگای زمان و دیالۆگەوە لایەنی کۆمەڵایەتی بەوەی جۆری چین و توێژەکان و کار و پیشەکەی و پەیوەندی لەگەڵ دەوروبەر و شوێنی نیشتەجێبونی وەک شارنشینی و لادێنشینی دەبین(عومەر، 2015: 65).

سەبارەت بە ڕێژە و زۆری دوبارەبونەوەی ناو لەنێو ڕۆمانەکەدا کە "دەوستێتە سەر ڕێژەی دوبارەبونەوەیان لە ناو دەقی گێڕانەوەییدا بۆ زانینی ئەوەی هەندێک ناو هەن زیاتر یان کەمتر لەوانی تر بەکاردەهێنرێن"(عزام، 2005: 207). کەسییەتی (نیان) بە پلەی یەکەم و کەسییەتی (سەروەر) بە پلەی دوەم و سەردار بە پلەی سێیەم و (بەڵقیس) بە پلەی چوارەم لە دەقەکەدا زۆرترین جار دوبارەبونەتەوە، بەمەش ئەم کەسیەتییانە وەک کەسییەتییەکی سەرەکی دادەنرێن، ئینجا کەسیەتییەکانی تر (کەمالی بەزاز و مریەمە ڕەش) بە پلەی پێنجەم و کەسییەتی (مەحمود بەڵەک) بە پلەی شەشەم و کەسیەتی (مەحمود کەمال) بە پلەی حەوتەم و کەسیەتی میدیا و نەجم بە پلەی هەشتەم و نۆیەم دێن و بە کەسییەتی لاوەکی دادەنرێن، ئینجا

دواتر کەسیەتییەکانی تریش بەدوایاندادێن، هەروەها جگە لەوەش هەرچەندە ڕێژەی کەسییەتییە مێینەکان بەشێوەیەکی گشتی بەراورد بە نێرینەکان کەمترن، بەڵام ئەوانەی کە ئامادەن و بە کەسییەتی سەرەکی دادەنرێن ژمارەیان و ڕێژەی دوبارەبونەوەیان هاوسەنگە لەگەڵ پیاوەکان.

## ئەنجام

1- هەر ناوێک لە ئاستی دال و مەدلولدا مەبەستێکی لەخۆ گرتوە و هەمو کەسیەتییەکانی نێو ڕۆمانەکە ئەرکێک (وەزیفە)یەک ئەنجام دەدەن، بیری خوێنەر تەکان دەدات تا شێواز و مەبەستی شاراوەی پشتی ئەم کەسیەتییانە شەن و کەو بکات.

2- لە مەدلولی کەسییەتیدا بە لەبەرچاوگرتنی هەر یەکێک لە سیفەتەکان (تاک سیفەت و سیفەتی دوبارە، ڕەگەز، شوێنی جوگرافی، ئایدۆلۆژی، سامان، پیشە) و (گوتە و دەربڕین) و (یەک کار و کاری دوبارە) و (ئاستی ئەرکەکان)، لە ڕێی ئەم تایبەتمەندییە جیاوازانەوە وەک مەدلول ئاشنای ئەو ڕەگەزانەی کەسییەتییەکان دەبین.

3- ناو و نازناوەکە دالێکن لەنێو دەقی گێڕانەوەکەدا هەندێکیان لەگەڵ مانای ڕاستەقینەی خۆیاندا ناگونجێن و هەندێکی تریشیان بە تەواوەتی ڕەنگدانەوەی مانای بنەڕەتی خۆیانن، هەر ئەمەشە کە دژایەتی و جیاوازی نێوان دال و مەدلول پێکدەهێنێت.

4- ئەو دەقە گێڕانەوەییە بۆ پەیوەندییە ئاڵۆز و تەم و مژاوییەکانی نێوان هەردو ڕەگەزی (نێر و مێ) بەپێی دەلالەتی کەسییەتی بۆ تێگەیشتن لە ڕەنگدانەوەی واقیع و کەلتور بە بنەمایەکی دەوڵەمەند دادەنرێت.

# Narrative Semiology of Personal Brokerage in Jababr Jamal Gharib's Novel "The Time of Balqis's Crying"

**Asst. Prof. dr. Halmat Baiz Rasool**[1] **Talib Jalal Ibrahim**[2]

[1]Department of Kurdish, Faculty of Arts, University of Soran, Soran, Kurdistan, Iraq.

[2]Department of Kurdish, Faculty of Education, University of Soran, Soran, Kurdistan, Iraq.

## Abstract

Narrative semiology has evolved with the trends and directions of semiology. Philip Hammon's theoretical view of narrative personality is one of the foundations of narrative expansion and the elements of narrative have a role and influence in guiding critical and narrative research. This paper is entitled "Narrative Semiology of Personal Brokerage in Jababr Jamal Gharib's Novel The Time of Balqis's Crying". It is an attempt to practice a new theory of semiology within the foundation of narrative personality, how are that foundation and the system of personality signs embodied in the narrative text? In coordination with the reader, he presents the personal meaning through signifier and is mindful of its semantic dimension.

**Keywords:** Personality, Simeology, Narration, signifier, signified, Description.

## سەرچاوەکان

ڕەئوف، د. لوقمان (2016)، دەقی شیعری کوردی لە ڕوانگەی سیمیۆلۆژییەوە (1950-1975) کرمانجی خوارو، دەزگای ئایدیا بۆ فکر و لێکۆڵینەوە، چاپخانەی حەمدی، سلێمانی.

ڕەئوف، د. لوقمان (2022)، سیمیۆلۆژیا لە شیعرەکانی شێرکۆ بێکەسدا، چاپی یەکەم، سلێمانی.

موکریانی، گیوی (1999)، فەرهەنگی کوردستان، دەزگای چاپ و بلاوکردنەوەی ئاراس، چاپی یەکەم.

غەریب، جەبار جەمال (2018)، سەردەمی گریانی بەلْقیس، ناوەندی ڕۆشنبیری و هونەریی ئەندێشە، چاپی یەکەم، سلێمانی.

سمایل، ئالا سلێمان (2022)، سیمیۆلۆژیای کەلتور لە ڕۆمانەکانی جەبار جەمال غەریبدا، ماستەر، زانکۆی سۆران، فاکەلتی پەروەردە.

عومەر، عەونی ئەمین (2015)، بنیاتی کاراکتەر لە دو رۆمانی (فەرهاد پیرباڵ)دا بە نمونەی (مولازم تەحسین و شتی تریش) و (هوتێل ئەوروپا)، ماستەر، کۆلیژی پەروەردە، زانکۆی سەلاحەدین.

ئیبراهیم، سەرکەوت عمر (2020)، تەکنیکی گێڕانەوە لە بەرجەستەکردنی ناسنامەی کەسیەتیی کاراکتەر لە ڕۆمانی (بەهاری ڕەش)ی ئەحمەد محمد ئیسماعیلدا، گۆڤاری توێژەر، ب3، ژ2.

الارناؤوط، شفيق (2007)، قاموس الاسماء العربية الموسع، الطبعة الخامسة، دار العلم للملايين مؤسسة ثقافية للتأليف والترجمة والنشر، بيروت – لبنان.

النعيمي، فيصل غازي (2010)، العلامة والرواية، دراسة سيميائية في ثلاثية ارض السواد لعبد الرحمن مونيف، الطبعة الاولى، دار مجدلاوي للنشر والتوزيع، عمان، الاردن.

بحراوي، حسن (1990)، بنية الشكل الروائي، (الفضاء، الزمن، الشخصية)، الطبعة الاولى، المركز الثقافي العربي، بيروت.

حمداوي، جميل (2020)، السيميولوجيا بين النظرية والتطبيق، الطبعة الثانية، دار الريف للطبع والنشر، الناظور – تطوان، المملكة المغربية.

عزام، محمد (2005)، شعرية الخطاب السردي، من منشورات اتحاد الكتاب العرب، دمشق.

عياشي، منذر (2004)، العلاماتية وعلم النص، المركز الثقافي العربي، الدار البيضاء، بيروت.

لحميداني، حميد (1991)، بنية النص السردي (من منظور النقد الادبي)، الطبع الاولى، المركز الثقافي العربي للطباعة والنشر والتوزيع، بيروت، الحمراء.

لحميداني، حميد (2000)، بنية النص السردي من منظور النقد الادبي، الطبعة الثالثة، المركز الثقافي العربي، الدار البيضاء.

هامون، فيليب (2013)، سيميولوجية الشخصيات الروائية، ت. سعيد بن كراد، عبدالفتاح كليطو، الطبعة الاولى، دار الحوار للنشر والتوزيع، سورية.

أمال و دبال، باشوش، لاميه (2016-2017)، سيميائيه الشخلّيه فى روايه الجازيه والدراويش لعبد الحميد بن هدوقه، شهادة الليسانس، كلية الاداب واللغات، جامعة العقيد أكلى محند أولحاج - البويرة، جزائر.

أونيس، أمينة (2018-2019)، سيميائية الشخصية في روايات واسيني الاعرج، دكتوراه في الاداب واللغة العربية، كلية الاداب واللغات، جامعة محمد خيضر بسكرة، جزائر.

بن دخان، خولة (2018-2019)، سيميائية الشخصية في الرواية "لعبة السعادة" لبشير مفتي، الماستر، كلية الاداب واللغات، جامعة العربي بن مهيدي – ام البواقي، جزائر.

بوغاغة، فريدة (2016-2017)، مقاربة سيميائية في رواية "شرف القبيلة" لرشيد ميموني، الماجستير، كلية اللغة و الادب العربي و الفنون، جامعة الحاج الخضر – باتنة 1، جزائر.

رحيمة، جفال (2011-2012)، سيميائية الشخصية في قصة "وفاة الرجل الميت" للسعيد بوطاجين، الماستر، كلية الاداب واللغات والعلوم الاجتماعية والانسانية، جامعة العربي بن مهيدي – ام البواقي، جزائر.

ريان و قاضي، بوشلاغم، احلام (2019-2020)، سيميائية الشخصية في رواية حطب سراييفو لسعيد خطيبي من منظور فيليب هامون، الماستر، كلية الاداب واللغات، جامعة 8 ماي 1945 قالمة، جزائر.

طالب و لبسيس، شيما، منال (2019-2020)، سيميائية الشخصية في رواية امرأة من الزمن العتيق لمحمد بن طبة، ماستر، كلية الاداب واللغات الاجنبية، جامعة قاصدي مرباح – ورقلة.

علواني، مريم (2015-2016)، سيميائية الشخصية الحكائية، الماستر، كلية الاداب واللغات، جامعة محمد خيضر، جزائر.

قدار و زويش، نعيمة، سميرة (2019-2020)، سيميائية الشخصية في رواية "في مكان ما" لتوفيق البة، ماستر، جامعة العقيد اكلى محند أولحاج – البويرة – كلية الاداب واللغات، الجزائر.

قناوي، عبدالحق (2020-2021)، نظام الشخصيات في الرواية المغاربية، دكتوراه، كلية الاداب واللغات، جامعة مولود معمري تيزي وزو، جزائر.

محمد، بوكراس (2011-2012)، مرجعيات بناء الشخصية في مسرح بن قطاف، الماجستير، كلية الاداب واللغات والفنون، جامعة وهران - السانيا، جزائر.

جريوي، اسيا (2010)، سيميائية الشخصية الحكائية في الرواية (الذئب الاسود)، لـ حنا مينة، مجلة المخبر، جامعة محمد خيضر، بسكرة، الجزائر، عدد6.

مجموعة الدارسين، علي باقر، معسومة شبستري، محمد علي (2017)، سيميائية الشخصية يوسف (ع) القرانية: قراءة بنيوية سيموطيقية، مجلة دراسات في اللغة العربية و ادابها، نصف سنوية المحكمة، عدد 24.

وردة، معلم (2006)، الشخصية في السيميائيات السردية، المتلقى الوطني الرابع، كلية الحقوق والاداب والعلوم الاجتماعية، جامعة 8 ماي 1945، 28-29، نوفمبر.

محمد، ملك، معاني الاسماء، 26/ يونيو/ 2021، https://Kifaharabi.com

سامية، بن يامنة (د)، تحليل الخطاب السردي، السنة الاولى. https://elearn.univ-oran1.dz

[1] - لەبەر ئەوەی سیفەتی (ڕەگەز) ڕوون و ئاشکرایە لەلای خوێنەر، بۆیە لە خشتەکە نەمانووسیوە.